Home Office

ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ (هۆم ئۆفیس) بۆ

# ژیان لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی

کوردی



# مەبەست لەم ڕێنماییە

**ئەم ڕێنماییە بە پلەی یەکەم بۆ ئەو پەناخوازانەیە کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی دەمێننەوە، لە کاتێکدا داواکارییان بۆ بەشی پشتگیری (سێکشن ٩٥) هەڵدەسەنگێندرێت، یا پشتگیری بەشی (سێکشن ٩٥)یان پێدراوە و چاوەڕێی گواستنەوەن یان لەسەر پشتگیری بەشی (سێکشن ٤)ن.**

## زانیاری بەنرخی تێدایە دەربارەی:

١. ئەو شوێنی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزارییانەی کە دەتوانن چاوەڕوانی بکەن لە ئێمەوە وەریبگرن
٢. ئەو ڕێکخراوانەی کە ئەم خزمەتگوزاریانە ئامادە دەکەن و پێشکەش دەکەن
٣. ئێمە چاوەڕوانی چی لە ئێوە دەکەین
٤. لە کوێ ڕاپۆرتی کێشە و نیگەرانی و گۆڕانکاری لە بارودۆخەکانتاندا بکەن

## چۆن ئەم نامیلکەیە بەکاربهێنم؟

تکایە ئەم نامیلکەیە بە وردی بخوێنەرەوە. تێبینی هەر زانیارییەک بکە کە گرنگە بۆ خۆت و خێزانەکەت. لەم نامیلکەیەدا زانیاری زۆری تێدایە بۆیە تکایە لە شوێنێکی سەلامەتدا بیهێڵەرەوە، بۆ ئەوەی دواتر بتوانیت بگەڕێیتەوە سەری.

## چیم پێدەڵێن کاتێک دەگەمە شوێنی نیشتەجێبوونەکە ؟

**کاتێک دەگەیتە شوێنی نیشتەجێبوونە سەرەتاییەکەت، ئەو کەسەی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت دابین دەکات زانیاریت پێدەدات کە ڕەنگە بەسوود بێت بۆ تۆ سەبارەت بە:**

١. شوێنی نیشتەجێبوونە دابین کراوەکە.
٢. سەلامەتی و خۆشگوزەرانی تاک، لەوانەش دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی بەپەلە یان فریاگوزاری.
٣. پێکهاتەو ڕۆتینی شوێنی نیشتەجێبوونە سەرەتاییەکەت و خزمەتگوزارییە بەردەستەکان.
٤. ڕێنماییەکانی کارکردن بە ئامێر و ئاسانکاری و شتە دانراوەکان کە بۆ ئاسوودەیی و ژیانی گشتی دابینکراوە (لەو شوێنانەی کە هەن).
٥. پرۆسەی دەستڕاگەیشتن بە پشکنینی تەندروستی و خزمەتگوزارییە پەیوەندیدارەکان.

**هەروەها ئەمانەشت دەست دەکەوێت:**

١. زانیاری دەربارەی دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت و چاوەڕوانی چییان لێ بکەیت.

**٢.** زانیاری دەربارەی (مایگرەنت هێڵپ\ یارمەتی کۆچبەران) و چاوەڕوانی چییان لێ بکرێت؛ وە هەروەها

**٣.** نامیلکەی (ڕێبەری وەزارەتی ناوخۆ\ هۆم ئۆفیس) بۆ ماف و چاوەڕوانییەکان لە بەریتانیا'، کە زانیاری لەسەر کولتوری بەریتانیا و ئەو خزمەتگوزارییانەی لەخۆدەگرێت کە لەبەردەستتدان لەکاتێکدا لە بەریتانیادایت. ئەگەر ئەمەت نییە، دەتوانیت داوای کۆپییەک لە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بکەیت.

**ئەگەر تۆ زانیاری ناساندنت بۆ نەکراوە (یەکەمجار کە دەتبەنە شوێنی نیشتەجێبوون شوێنەکەت پیشان دەدەن و پێت دەناسێنن) یان ئەم سەرچاوانەت وەرنەگرتووە، تکایە داوایان بکە لە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت. نامیلکەکان لە شوێنێکی سەلامەتدا هەڵبگرە بۆ ئەوەی دواتر دووبارە بیخوێنیتەوە. هەروەها دەتوانیت لەم لینکەدا بە شێوەی ئۆنلاین دەستت بگات بە زانیارییەکانی ئەم نامیلکەیە**


**تکایە ئاگاداربن:** ئەم بەڵگەنامەیە تەنها بۆ ڕێنماییە وەك هیچ جۆرە سیاسەتێکی بڵاوکراوە کارناکات وجێگای ئەوەش ناگرێتەوە. ڕێنماییەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەو کەسانە دارێژراوە کە پشتگیری بەشی (سێکشن ٩٨) وەردەگرن کە چاوەڕێی بڕیارن لەسەر داواکارییەکانیان بۆ وەرگرتنی پشتگیری بەشی (سێکشن ٩٥). ئەم ڕێنماییە هەروەها بۆ ئەو کەسانەش دەگونجێت کە پشتگیری بەشی (سێکشن ٩٥)یان پێدراوە بەڵام چاوەڕوانی گواستنەوەن و هێشتا لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییدا ماونەتەوە. لەو شوێنانەی کە داواکارانی بەشی \سێکشن ٤ (٢) ڕێکخستنە جیاوازەکان دەیانگرێتەوە (پەناخوازانی ڕەفز وەرگرتوو (ئەوانەی کە کەیسەکانیان ڕەد کراوەتەوە) کە بەپێی بەشی (سێکشن ٤ (٢) ی یاسای کۆچبەری و پەنابەری ساڵی ١٩٩٩ پشتگیری دەکرێن) ئەمە ڕەنگدانەوەی هەبووە.

تکایە پەیوەندی بە مایگرەنت هێڵپ\ یارمەتی کۆچبەرانەوە بکە ئەگەر هەر کێشەیەکت هەیە لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوون یان پشتگیرییەکەت، یان ئەگەر پێت وایە کە شوێنی نیشتەجێبوونەکە گونجاو نییە بۆ پێداویستییەکانی تۆ (یان کەسانی سەر بە خۆت\ ئەوانەی لەگەڵ تۆ دەژین)، بۆ نموونە، پێویستییەک بەهۆی کەم ئەندامییەوە. داوا لە وەزارەتی ناوخۆ و دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت دەکەن لێکۆڵینەوە لە کێشەکەت بکەن و بۆت چارەسەر بکەن. دەتوانرێت بەم شێوەیە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەران\ مایگرەنت هێڵپەوە بکرێت:

**وێبچات** لە *https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch*
**وروژاندنی بابەتێك\ پرسێك** لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەیانەوە :
*(https://ellis.custhelp.com/app/ask/session)*
**هێڵی یارمەتی بە تەلەفۆنی بێبەرامبەر** *لە: ٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣*

ئەگەر پەیوەندیت بە مایگرەنت هێڵپ\ یارمەتی کۆچبەرانەوە کردووە سەبارەت بە کێشەکانی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت، وە کێشەکان چارەسەر نەکراون، دەتوانیت سکاڵایەکی فەرمی لە دژی دابینکەرەکەت، وەزارەتی ناوخۆ\ هۆم ئۆفیس، یان مایگرەنت هێڵپ\ یارمەتی کۆچبەران تۆمار بکەیت. هەندێک جار خەڵک دەترسن لەوەی ئەگەر سکاڵا بکەن وەزارەتی ناوخۆ داواکاری پەنابەرییەکەیان ڕەتدەکاتەوە یان پشتیوانی دارایی یان دەوەستێنن یان شوێنی نیشتەجێبوونەکەیان لێ وەردەگرنەوە. ئەمە ڕاست نییە. سکاڵاکان سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون بە هیچ شێوەیەک کاریگەرییان لەسەر دەرئەنجامی داواکاری پەنابەریت یان لەسەر شایستەیی تۆ بۆ پشتیوانی دارایی و شوێنی نیشتەجێبوونەکەت نییە.

## ئەو ڕێکخراوە گرنگانە کێن کە بەشدارن لە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و دابین کردنی پشتگیریکردنم؟

| | |
|---|---|
| Home Office | **هۆم ئۆفیس\ وەزارەتی ناوخۆ** بەرپرسیارە لە دابینکردنی ئەو شوێنە پەنابەرییەی کە تۆ تێیدا دەژیت وبەرپرسیارە لە پشتگیری دارایی تۆ. |
| migrant help | **مایگرەنت هێلپ\ یارمەتی کۆچبەران** ڕێکخراوێکی خێرخوازین، سەربەخۆن لە وەزارەتی ناوخۆ، دامەزراون بۆ ئەوەی کە ئامۆژگاریت بکەن، زانیاریت لەسەر پشتگیرییەکانتان پێ بدەن، بۆ ڕاپۆرتکردنی کێشەیەک، یان بۆ ئەوەی کە هۆم ئۆفیس\ وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکەنەوە سەبارەت بە گۆڕانکاری لە بارودۆخەکانتان، پێویستە پەیوەندی بە مایگرەنت هێلپ\ یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەن لە ڕێگەی... تەلەفۆن کردن بۆ ٨٠٨٨٠١٠٥٠٣ هەروەها لە ڕێگای ۰ویبچات لە https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch وروژاندنی کێشەیەک\ بەرزکردنەوەی بابەتێك لە<br><br>https://ellis.custhelp.com/app/ask |
|  | **دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت**. وەزارەتی ناوخۆ\ هۆم ئۆفیس کۆمپانیا تایبەتەکان (ئەهلیەکان) بەکاردەهێنێت بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونت. لەکاتی گواستنەوەت بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونەکەت ئەفسەرێک\ کارمەندێکی نیشتەجێبوونت بۆ دیاری دەکرێت کە پێشوازیت لێدەکات لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت و وەڵامی هەر پرسیارێکت دەداتەوە. |
|  | **دەسەڵاتە خۆجێییەکان کە بە ئەنجومەنی شارەوانی ناسراون**، ئەو بەشەی حکومەتن کە خزمەتگوزاری و ئاسانکاری گشتی لە ناوچە ناوخۆییەکاندا دابین دەکەن، وەک قوتابخانە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو خزمەتگوزارییە ناوخۆییانەی کە پێشکەش دەکرێن و کێ پێشکەشیان دەکات، بەندە بەو شوێنەی کە تۆ لێی دەژیت.<br><br>دەتوانیت ئەنجومەنی ناوخۆیی (شارەوانیەکەی خۆت) لە ڕێگای بەکارهێنانی پۆست کۆدەکەتەوە لەم ناونیشانەدا بدۆزیتەوە: ئەنجومەنی ناوخۆیی خۆت بدۆزەرەوە **Find your local council - GOV.UK (www.gov.uk)** : لە ڕێگەی ماڵپەڕی ئەنجومەنی ناوخۆیی خۆتەوە دەتوانیت وردەکارییەکانی خزمەتگوزارییە ناوخۆییەکان وەک کتێبخانەکان و گرووپەکانی پشتیوانی بدۆزیتەوە. |

## له حاڵەتی نائاساییدا (فریاگوزاریدا) چی بکەین

لە ئەگەری حاڵەتێکی فریاگوزاری پزیشکی بەپەلە کە پێویستی بە چارەسەری خێرا هەبێت، پێویستە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ژمارە ٩٩٩ بکەیت و بە بەڕێوەبەری خزمەتگوزارییەکە بڵێیت کە پێویستت بە چ خزمەتگوزارییەک هەیە – ئاگرکوژێنەوە، پۆلیس یان ئەمبولانس. گرنگە تۆ تەنها لە حاڵەتی فریاگوزاریدا پەیوەندی بە ئەم ژمارانەوە بکەیت.

ئەگەر زمانی ئینگلیزی نازانیت، پێویستە کاتێک بۆ یەکەمجار پەیوەندی بە ژمارە ٩٩٩وە دەکەیت ناوی ئەو زمانە بڵێیت کە دەتەوێت قسەی پێ بکەیت . ئەگەر وەرگێر بەردەست بێت، وەرگێڕێکت بۆ دابین دەکرێت. پەیوەندیکردن بە ژمارە ٩٩٩ بەخۆڕاییە.

**پۆلیس**: ئەگەر کەسێک توندوتیژی دەکات یان هەڕەشەی توندوتیژی دەکات، یان ئەگەر شایەتحاڵی تاوانێک بوویت، پێویستە پەیوەندی بە ژمارە ٩٩٩ بکەیت و داوای پۆلیس بکەیت. ئەگەر دەتەوێت ڕاپۆرتی تاوانێک بکەیت یان قوربانی تاوانێک بوویت کە پێویستی بە وەڵامدانەوەی فریاگوزاری\ کتوپڕ نییە، پێویستە پەیوەندی بکەیت بە ژمارە ١٠١. تکایە دڵنیابە کە پەیوەندیکردن بە پۆلیسەوە بە هیچ شێوەیەک کاریگەری لەسەر داواکاری پەنابەریەکەت نابێت.

**ئاگر**: ئەگەر ئاگرکەوتەوە یان نیشانەکانی ئاگرکەوتنەوە وەک دوکەڵت بینی، پێویستە دەست بنێیت بە نزیکترین زەنگی ئاگرکەوتنەوەدا پێش ئەوەی بڕۆیت بۆ لای کارمەندانی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ژمارە ٩٩٩ بکەن بۆ داوای خزمەتگوزاری ئاگرکوژێنەوە. نابێت لە ئاگرەکە نزیک ببیتەوە یان هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکە بدەیت.

**ئەمبولانس**: ئەگەر حاڵەتێکی فریاگوزاری پزیشکی بەپەلە ڕوویدا کاتێک کەسێک بە سەختی نەخۆش کەوت یان بریندار بوو و ژیانی لە مەترسیدا بوو، پێویستە پەیوەندی بە ژمارە ٩٩٩ بکەیت و داوای ئەمبولانس بکەیت. بۆ نیگەرانییە پزیشکییە گشتییەکان کە پێویستیان بە ئەمبولانس نییە، پێویستە پەیوەندی بە ژمارە ١١١ بکەیت بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری\ ڕێنمایی. دەتوانیت بۆ ئەم کارە پەیوەندی بە ستافی شوێنی نیشتەجێبوونەکەتەوە بکەیت بۆ هاوکاری کردنت.

**خزمەتگوزارییەکان**: ئەگەر بۆنی غازت کرد، پێویستە دەستبەجێ پەیوەندی بە ژمارەی فریاگوزاری تۆڕی نیشتمانی غاز بکەیت بە ژمارە ٠٨٠٠١١١٩٩٩ بۆ ئینگلتەرا، سکۆتلەندا و وێڵز یان ٠٨٠٠٠٠٢٠٠١ بۆ ئێرلەندای باکوور و پاشان ڕاستەوخۆ دوای ئەوە کێشەکە ڕاپۆرت بکەیت بۆ مایگرەنت هێڵپ\ یارمەتی کۆچبەران.



**پرسیارێکتان هەیە؟**

- سەیری نامیلکەی ئیندێکشن\ ناساندن و زانیاریەکانت بکە
- سەردانی www.gov.uk/browse/Mastercards-immigration/asylum یاخود www.migranthelpuk.org بکە
- پەیوەندی بە مایگرەنت هێلپ\ یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەن لە ٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣ ، وێبچات لە https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch **یان وروژاندنی بابەتێك\ کێشەیەک لە** https://ellis.custhelp.com/app/ask

# ناوەڕۆك

بەشی ١  جۆرەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەریت و گەشتەکەت........................................................................................ 9

مەرجەکانی پشتیوانی\ هاوکاری.................................................................................................. ......12
تانەدان لە بڕیاری پشتگیری پەنابەری.........................................................................................................14

بەشی ٢ ڕێکخراوە گرنگەکان..................................................................................................... .......15

هۆم ئۆفیس\ وەزارەتی ناوخۆ................................................................................................ .......15
دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت؟......................................................................................................16
مایگرەنت هێڵپ\ ڕێکخراوی یارمەتی کۆچبەران.......................................................................... ..............20


بەشی سێیەم راپۆرتکردنی پرس و سکاڵاکردن......................................................................................................23

بەشی ٤ زانیاری و ستانداردەکانی شوێنی نیشتەجێبوون.................................................................................... ........27

یاساو ڕێنماییەکان..........................................................................................................................29
ئاسانکارییە چاوەڕوانکراوەکان.................................................................................................... ......31
لە شوێنی نیشتەجێبووندا................................................................................................... .........31
پشکنینی خانوو\ شوێنی نیشتەجێبوون........................................................................................................38
دەستڕاگەیشتن بە شوێنی نیشتەجێبوون........................................................................................................39
چاککردنەوەو تەصلیحات....................................................................................................... .........39
زانیاری زیادە سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون........................................................................... ..................41

بەشی پێنجەم پارەو پشتگیری پارە....................................................................................................... .45

بەشی شەشەم بەردەوام بوون لە دوای بڕیاری داوای پەنابەری........................................................................................ 48



# بەشی ١

## جۆرەکانی شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەریت و گەشتەکەت

**بڕی ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ پرۆسێسکردنی داواکاری پەنابەری دەکرێت جیاواز بێت. دەکرێت پەیوەندی  بە ئاڵۆزی کەیسەکەتەوە هەبێت  لەگەڵ ئەوەی کە گەیاندنی بەڵگە و دۆکیمەنتەکان چەند کات دەخایەنێت.**

پاڵپشتی پەنابەری، لەوانەش شوێنی نیشتەجێبوون، بۆ ئەو پەنابەرانە دابین دەکرێت کە هیچ ڕێگەیەکی تریان نییە بۆ بژێوی ژیانی خۆیان. شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەری لەسەر بنەمای 'بێ هەڵبژاردن' دابین دەکرێت (واتە هەرچیت پێ درا دەبێت پەسەندی بکەیت)  بۆیە ناتوانیت شوێنی نیشتەجێبوون هەڵبژێریت. بەڵام ئەگەر هۆکارێکی تایبەتت هەبێت بۆ ئەوەی پێویستت بە شوێنی نیشتەجێبوون بێت لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، وەزارەتی ناوخۆ\ هۆم ئۆفیس ئەمە لەبەرچاو دەگرێت – دەتوانرێت  ڕێنماییەکان سەبارەت بە تەرخانکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لێرەدا بدۆزرێتەوە:.[Asylum accommodation requests: caseworker guidance - GOV.UK  (www.gov.uk)](https://www.gov.uk).

دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە هەر پێداویستییەکی تایبەت کە تۆ هەتبێت لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بۆت دابین بکات.

دوو جۆری سەرەکی شوێنی نیشتەجێبوون هەیە – **شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی، و شوێنی نیشتەجێبوونی بڵاوبوونەوە (شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی درێژخایەنتر).**

### ١. شوێنی نیشتەجێ بوونی سەرەتایی  .

**ئێستا تۆ لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی نیشتەجێیت**. شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی بریتییە لە شوێنێکی نیشتەجێ بوون کە تێیدا یا خزمەتگوزاری تەواوی هەیە (خواردنی سێ ژەمەت بۆ دابین دەکرێت) ، یاخود نیوەی ژەمەکانی خواردنت بۆ دابین دەکرێت، یان جۆرێکە کە خۆت خواردنی تێدا ئامادە دەکەیت . بەزۆری شوێنێکی نیشتەجێبوونی هاوبەشە لە ژینگەیەکی جۆری هۆستێل یان هۆتێل بەڵام لەوانەیە شێوازێکی تریش بێت. بۆ ئەو پەنابەرانەیە کە ئەگەر ئەو شوێنەیان پێ نەدرێت لانەواز\ بێ جێگا دەبن و پێویستیان بە شوێنی نیشتەجێبوونی بەپەلەیە پێش ئەوەی داواکاریی پشتگیریان لە بەشی (سێکشن ٩٥) دیاری بکرێت. هەروەها بۆ ئەو پەناخوازانەش دابین دەکرێت کە پشتگیری سێکشن ٩٥ (یان سێکشن ٤)یان پێدراوە لە کاتێکدا چاوەڕوانی گواستنەوەن بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی درێژخایەنتر  (واتە شوێنی نیشتەجێبوونی بڵاوبوونەوە). ئەو پەناخوازانەی کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پشتگیریان پێدراوە، دەتوانن لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییدا بمێننەوە تاوەکو شوێنێکیان لە شوێنی نیشتەجێبوونی درێژخایەنتر پێدەدرێت.

ماوەی ئەو کاتەی کە خەڵک لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییدا دەمێننەوە دەکرێت جیاواز بێت پێش ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی درێژخایەنتر، بەڵام لە ئێستادا ئەو کاتی چاوەڕوانیە زۆرە. لە ئێستایا کێشەی کەمیی شوێنی نیشتەجێبوونی ناوخۆیی هەیە بۆ هەمووان بەهۆی زیادبوونی بەرچاوی ئەو پەنابەرانەی دەگەنە بەریتانیا و بەدوای شوێنێکی پارێزراودا دەگەڕێن، شانبەشانی پێویستی دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێستای ئەو کەسانەی کە پێشتر لە ناو بەریتانیادان و بۆ ماوەیەکی زۆرە لە لیستی چاوەڕوانیدان بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان پێبدرێت . ئەمەش بەو مانایە دێت کە لەوانەیە تۆ بۆ

ماوەیەکی درێژخایەن لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییدا بمێنیتەوە، لە هەمان کاتدا، دابینکەرەکەت و وەزارەتی ناوخۆ\ هۆم ئۆفیس دڵنیا دەبنەوە لەوەی کە پێداویستییەکانتان لەو ماوەیەدا بۆ دابین بکرێت. ئەگەر پێت وایە کە پێداویستییەکانتان دابین ناکرێت، پێویستە لەگەڵ مایگرەنت هێڵپ\ یارمەتی کۆچبەران باسی ئەمە بکەیت و داوا بکەیت بۆ ئەوەی سەیری ئەوە بکرێت کە چۆن دەتوانرێت گۆڕانکاری لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەتدا بکرێت، لەوانەش بژاردەی خێراکردنی پرۆسەی گواستنەوەت بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی درێژخایەنتر ئەگەر پێویستییەکەت بەڵگەدار و گونجاو بێت.

## ٢. شوێنی نیشتەجێ بوونی بڵاوبوونەوە (شوێنی نیشتەجێ بوونی کاتی درێژخایەنتر)

شوێنی نیشتەجێبوونی بڵاوبوونەوە، شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی درێژخایەنترە کە لەلایەن دابینکەرانی شوێنی نیشتەجێبوونەوە بەناوی وەزارەتی ناوخۆ \ هۆم ئۆفیسەوە بەڕێوەدەبرێت. بە شێوەیەکی ئاسایی دەتوانیت لە شوێنی نیشتەجێبوونی بڵاوبوونەوەدا\ شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی درێژخایەنتردا بمێنیتەوە تا ئەو کاتەی داواکاریی پەنابەریەکەت بە تەواوی دیاری دەکرێت. ناتوانرێت هەمیشە لە یەک شوێنی نیشتەجێ بووندا بمێنیتەوە.

## ٣. بەرەو پێشەوە چوون دوای بڕیاردان لەسەر داوای پەنابەریەکەت

کاتێک داوای پەنابەریەکەت (لەوانەش هەر تانەدانێک- ئەپیەڵێك) بە تەواوی دیاریکرا پێویستە شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەریەکەت بەجێبهێڵیت وپشتگیری و هاوکاریەکەی هۆم ئۆفیس- وەزارەتی ناوخۆت دەوەستێت. ئەگەر مافی مانەوەت پێدرا ، ئەوا مافی کارکردنت دەبێت، دەتوانیت لە سەرچاوەی هاوکاری پارەی گشتی سوود مەند بیت، بەدوای خانوودا بگەڕێ دەتوانیت بە هەمان شێوەی دانیشتوانی دیکەی بەریتانیا یارمەتی وەربگریت بۆ ئەم مەبەستە. ئاگاداربە کە، لەبەر ئەوەی کێشەی کەمیی خانووبەرە هەیە لە بەریتانیا، دەکرێت دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەت بە خۆت کاتێکی زۆری پێبچێت. هەرچەندە دەسەڵاتی ناوخۆیی زانیاری یان ئامۆژگاریت پێدەدات، هەرچەندە لەوانەیە پێویست بکات خۆت بگەڕێیت خانووی تایبەت- پرایڤەت بدۆزیتەوە. دەتوانرێت ئامۆژگاری و ڕێنماییت وەک بەشێک لە چاوپێکەوتنی ‘گواستنەوە’ لەگەڵ مایگرەنت هێڵپ- یارمەتی کۆچبەران پێشکەش بکرێت یان بە پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتی ناوخۆییەوە بەدەستی بهێنیت.

بەڵام ئەگەر داواکارییەکەت سەرکەوتوو نەبوو (ڕەفزت وەرگرت) وە هیچ بەربەستێکی کاتی دیکە نەبوو، چاوەڕوان دەکرێت بەریتانیا بەجێبهێڵیت. بە زوویی و دوا بە دوای وەرگرتنی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆ لەسەر داوای پەنابەریەکەت ئامۆژگاری وڕێنماییت لەلایەن مایگرەنت هێڵپ - یارمەتی کۆچبەرانەوە پێشکەش دەکرێت. ئەگەر دەتەوێت هەندێک زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بژاردەیە وەرگریت، خزمەتگوزاری گەڕانەوەی خۆبەخشانە لە دووشەممە تا هەینی، کاتژمێر ٩ی بەیانی تا ٥ی ئێوارە بەردەستە بە ژمارە تەلەفۆنی: ٠٣٠٠٠٠٤٠٢٠٢

## چاوەڕوانییەکان

هەمیشە بە ڕێز و دادپەروەری و بێلایەنانە مامەڵەت لەگەڵ دەکرێت.

بە هەمان شێوە ئێمەش چاوەڕێی ئەوە لە تۆ دەکەین کە بە هەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ هەموو ستاف و ئەو کەسانە بکەن کە لەگەڵیان دەژیت. هەر کە هەستت کرد کێشەیەک لە شوێنی نیشتەجێبوون یان پشتگیرییەکەتدا هەیە پێویستە یەکسەر ڕاپۆرتی بکەیت بە پەیوەندیکردن بە مایگرەنت هێڵپ - یارمەتی کۆچبەران. **ڕاپۆرتکردنی هەر گرفت یان کێشەیەک کاریگەری لەسەر داوای پەنابەریەکەت یان مافی پاڵپشتی پەنابەریەکەت نابێت.**

## پاراستنی نهێنی و هاوبەشکردنی زانیاریەکان

هۆم ئۆفیس و دابینکەرانمان زانیارییە کەسییەکانی تۆ دەپارێزن و بە نهێنی دەیانهێڵنەوە. هەندێک بارودۆخ هەیە کە ڕەنگە پێویست بکات زانیارییەکانی تۆ لەگەڵ دەزگاکانی تردا هاوبەش بکەین. لەوانە:

- هاوبەشکردنی زانیاری لەگەڵ ئەنجومەنە ناوخۆییەکان (ئەنجومەنی شارەوانی) بۆ ئەوەی چاودێری کۆمەڵایەتی، خانووبەرەی تایبەت کراو یان گونجاندنی خانوو (شوێنی نیشتەجێ بوون) بۆ تۆ دابین بکرێت.
- هاوبەشکردنی زانیاری لەگەڵ خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بڕگەکانی چاودێری تەندروستی دروست بەردەستن بۆت بۆ پێداویستییە تەندروستییە گشتیەکانت وە بۆ هەر حاڵەتێکی پزیشکی تر.
- هاوبەشکردنی زانیاری بۆ پاراستن یان ‘ئاگاداری کردن لە تۆ و خێزانەکەت، بەتایبەتی منداڵان و پێگەشتووانی بارناسك.
- هاوبەشکردنی زانیاری پەیوەندیدار لەگەڵ بەرپرسانی پەروەردە تا بتوانن خزمەتگوزاریەکانیانتان پێشکەش بکەن
- ڕاپۆرتکردنی بابەتە تاوانکارییەکان بۆ پۆلیس و یارمەتیدان لە پاراستنی سەلامەتیت لە ناو کۆمەڵگادا
- هاوبەشکردنی زانیاری بۆ بەرەنگاربوونەوەی ساختەکاری
- ئاشکراکردنی زانیاری لە پەیوەندی لەگەڵ ڕێوشوێنی دادگا

هەر دەزگایەک کە داتاکانتان لەگەڵیاندا هاوبەش بن، پێویستە ڕێز لە نهێنی و زانیارییەکانتان بگرێت. دەتوانیت داوا لە هۆم ئۆفیس یان ڕێکخراوەکانی تر بکەیت کە ئەو زانیاریانەت پیشان بدەن کە لەبارەی تووە لەبەردەستیاندایە لە ڕێگەی "داواکاری دەستڕاگەیشتن بە بابەت INSERT LINK FROM WWW.GOV.UK "



# مەرجەکانی پشتیوانی- هاوکاری

- **پێویستە پەیڕەوەی ئەو ئامادەکاریانە بکەیت کە بۆ گواستنەوەت ڕێك خراوە.** بۆ نموونە گواستنەوە بۆ خانوو - شوێنێکی تر. ئەگەر هۆکارێکت هەیە کە ناتوانیت پەیڕەوی ئامادەکاری گواستنەوەکە بکەیت پێویستە پێشوەختە بە وەزارەتی ناوخۆ بڵێیت.
- **پێویستە لە ناونیشانی ڕێگەپێدراودا بژیت.** ئەگەر پلانت هەیە بڕۆیت بۆ شوێنێك بۆ زیاتر لە ٧ ڕۆژ بە بەردەوامی پێویستە مۆڵەت لە هۆم ئۆفیس - وەزارەتی ناوخۆ وەربگریت لە ڕێگای پەیوەندیکردن بە مایگرەنت هێڵپ - یارمەتی کۆچبەرانەوە. نابێت لە ماوەی هەر ٦ مانگێکدا زیاتر لە ١٤ ڕۆژ یان شەو شوێنی نیشتەجێ بوونەکەت بەجێ بهێڵیت.
- **پێویستە یاساکانی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەمێنیتەوە جێبەجێ بکەیت**، دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت یاساکانت پێدەڵێت.
- **نابێت بە شێوەیەکی توندوتیژانە ڕەفتار بکەیت یان ئازاری زارەکی یان جەستەیی کەس بدەیت.** ڕەفتاری توندوتیژ لەوانەیە ببێتە هۆی لێپێچینەوەی تاوانکاری و هەروەها مەترسی لەدەستدانی شوێنی نیشتەجێبوون و پشتگیریە داراییەکەت.
- **پێویستە بە بەردەوامی ئەو پشتگیریە داراییەی خۆت بەکار بهێنیت و دەستت پێی بگات.** کاتێک کە پشتگیری سێکشن ٩٥ - بەشی ٤ت پێدەدرێت، هەفتانە بڕە پارەیەکت پێدەدرێت بۆ دابینکردنی هەر خەرجیەکی زیادە لەکاتێکدا لە شوێنی نیشتەجێبوونە سەرەتاییەکەتدا دەمێنیتەوە. لە شوێنی نیشتەجێبوونە سەرەتاییەکەتدا پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانت لەلایەن دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەتەوە دابین دەکرێن (لەوانە، خواردن، دەستراگەیشتن بە کەلوپەلی تەوالێت - خاوێن کەرەوە، بەرهەمەکانی منداڵان و هتد). ئەگەر لەو شوێنی نیشتەجێبوونانە نیشتەجێ بوویت کە خۆت خواردن دروست دەکەیت ، هەفتانە دەرماڵەیەکت پێدەدرێت بۆ کڕینی خواردن بۆ ئەوەی لەبری ئەوەی ژەمەکانت پێبدرێت بۆ خۆت خواردن دروست بکەیت.
- **پێویستە وەڵامی داواکارییەکانی هۆم ئۆفیس بدەیتەوە.** لەوانەش داواکارییەکان بۆ:
    - زانیاری پەیوەست بە داواکاری پەنابەریەکەت
    - زانیاری پەیوەست بە پشتیوانی پەنابەریەکەت هەروەها
    - ئامادەبوونت لە هەر چاوپێکەوتنێکدا

ئەگەر پابەند نەبیت بە مەرجەکانی پشتگیری - هاوکاریەکەت، مەترسی لەدەستدانی پشتگیریەکەت لەسەرە.

# گۆڕانکاری لە بارودۆخەکاندا

**لە کاتێکدا کە تۆ شوێنی نیشتەجێبوون و پشتیوانی پەنابەری وەردەگریت، ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لە بارودۆخەکەتدا ڕوویدا پێویستە دەستبەجێ بە وەزارەتی ناوخۆ بڵێیت.** ئاسانترین ڕێگا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە لە ڕێگەی مایگرەنت هێڵپەوەیە.
ئەگەر پێویستت بە شوێنی نیشتەجێبوون نەماوە، هێشتا دەتوانیت پشتگیری دارایی وەربگریت، بەڵام دەبێت سەرەتا پرسیار بکەیت (هەرچەندە ئەمە بۆ ئەو کەسانە ڕاست نییە کە هاوکاری سێکشن ٤ وەردەگرن یان خشتەی ١٠).

**ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە بارودۆخەکانتدا ڕوودەدەن و دەبێت وەزارەتی ناوخۆ لەبارەیانەوە ئاگادار بکرێتەوە پێیان بڵێیت، بریتین لە:**

- ئەگەر پارە یان سەروەت و سامانی دارایی وەربگریت یان دەستت پێ بگات
- ئەگەر کارێکت دەستکەوت (پێویستە پێش ئەوەی کارێک بەدەست بهێنیت بزانیت مۆڵەتی کارکردنت هەیە یان نا)
- ئەگەر بەبێ ئاگاداری دابینکەرەکانت بچیتە ناونیشانێکی جیاواز، یان بڕیار بدەیت لەگەڵ خێزانەکەت، هاوڕێکانت، یان هاوبەشێک بژیت
- ئەگەر هاوسەرگیریت کرد، جیابوویتەوە، تەڵاق ڕوویدا، یان هاوبەشی مەدەنی پێکبهێنیت (بە ڕێگای یاسای هاوسەرگیری بکەیت)
- ئەگەر لە نەخۆشخانە خەوێنرایت یان زیندانی کرایت
- ئەگەر تۆ (یان هاوبەشی ژیانت) دووگیان بوویت یان منداڵتان بوو
- ئەگەر هەریەکێک لە منداڵەکانتان واز لە قوتابخانە بهێنن یان ماڵیان بەجێهێشت
- ئەگەر هەر ئەندامێکی تری خێزانەکەت بهێنیت یان بێنە ناو ژیانتەوە لە بەریتانیا یان بەریتانیا بەجێبهێڵن
- ئەگەر هەر کەسێکی تر بێتە ناو ماڵەکەتەوە یان لە خێزانەکەت دەرچێتە دەرەوە
- تۆ ناوەکەت بگۆڕیت
- پلانت هەیە بەریتانیا بەجێبهێڵیت و بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت

**ئەگەر گۆڕانکاری لە بارودۆخەکەتدا هەبێت و پێمان نەڵێیت، لەوانەیە تۆ:**

- پشتگیری و هاوکاریەکەی هۆم ئۆفیست لەدەست بچێت (بوەستێت)
- پێویست بکات هەر پشتگیرییەک ، کە مافی تۆ نەبووە و وەرتگرتووە بیدەیتەوە
- تاوانبار بیت بە تاوانێک بەپێی یاسای کۆچبەری و پەنابەری ساڵی ١٩٩٩

# تانەدان لە بڕیاری پشتگیری پەنابەری

**بەزۆری دەتوانیت تانە لە دادگای پلە یەک (پشتیوانی پەنابەری) بدەیت ئەگەر:**

- داواکارییەکەت بۆ پاڵپشتی پەنابەری و یان شوێنی نیشتەجێبوون ڕەتکراوەتەوە
- پاڵپشتی پەنابەری سێکشن ٤ت وەردەگرت و ئێستا هاوکارییەکەت وەستاوە
- تۆ پشتگیری پەنابەری (سێکشن ٩٥) ت وەردەگرت، و پێش ئەوەی ئەو پشتگیرییە کۆتایی پێهاتبێت، پشتگیرییەکە وەستاوە.

ئەگەر داواکارییەکەت ڕەت کرابێتەوە یان پشتگیرییەکەت ڕاگیرابێت، نامەیەکت لە وەزارەتی ناوخۆوە بۆ دێت کە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی بڕیارەکە دراوە. هەروەها لە نامەکەدا پێت دەڵێت کە ئایا دەتوانیت تانە لە بڕیارەکە بدەیت و چۆن تانە بدەیت. دادگا سەربەخۆیە لە حکومەت. دادوەرێک پێش ئەوەی بڕیار بدات گوێ لە هەردوو لایەنی مشتومڕەکە دەگرێت. ئەگەر پشتگیرییەکەت ڕاگیرا، وە تۆ دەتەوێت تانە لەم کارە بدەیت، بەزۆری پێویستە پشتگیرییەکەت تا بەرواری تانەدانەکە بەردەوام بێت. دەتوانیت فۆڕمی تانەدان لەم لینکەوە وەرگریت www.gov.uk

**دەتوانیت پێش ئەوەی تانە لە بڕیارەکە بدەیت یارمەتی و ئامۆژگاری وەربگریت:**

- ئەگەر فۆڕمی تانەدانەکەت بۆ دادگای پلە یەک (پشتیوانی پەنابەری) ناردبێت، دەتوانیت پەیوەندی بە پرۆژەی تانەدان لە پشتگیری پەنابەری (ASAP) بکەیت بۆ دەست خستنی نوێنەرایەتی یاسایی بێبەرامبەر (پارێزەر) . www.asaproject.org
- دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە ڕێکخراوی پەنابەران-https://www.refugee-action.org.uk/our services/increasing-justice-tackling-poverty/ ( کە لە ناوچە تایبەتەکانی ئینگلتەرا کاردەکات) وە (ئەنجومەنی پەنابەرانwww.refugeecouncil.org.uk (لە ئینگلتەرا و وێڵز) بۆ ئامۆژگاری و پشتگیری - لەوانەیە بتوانن ڕێکخراوێکی تر بدۆزنەوە بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات.
- هەروەها دەتوانیت ئامۆژگاری یاسایی تر وەربگریت، لەوانەش لە پارێزەر. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.gov.uk/find-a-legal-adviser بکەن

زانیاری زیاتر دەتوانیت لێرە بدۆزیتەوە www.gov.uk/appeal-first-tier-asylum-support-tribunal



# بەشی ٢

## ڕێکخراوە گرنگەکان

Home Office

ن

# هۆم ئۆفیس\ وەزارەتی ناوخۆ

## هۆم ئۆفیس\ وەزارەتی ناوخۆ چییە؟

وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە دابین کردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایش و ئابووری بەریتانیا. وەزارەتی ناوخۆ بەشێکی سەرەکی حکومەتە بۆ کۆچبەری و پاسپۆرت، یاساکانی مادده هۆشبەرەکان، تاوان، ئاگرکوژێنەوە، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پۆلیس. ئەو بەشەی وەزارەتی ناوخۆ کە تۆ ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکەیت پێی دەوترێت پەنابەری و پاراستن.

## چاوەڕوانی چی بکەم لە وەزارەتی ناوخۆ؟

داواکاری پەنابەریەکەت لەلایەن تیمەکانی ئۆپەراسیۆنی پەنابەری بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری پەنابەرانەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێت. **ئەمە بەشێکە لە وەزارەتی ناوخۆ**. ئایا داواکاری مافی پەنابەریەکەت سەرکەوتوو دەبێت یان نا، بەندە بە هەڵسەنگاندنی ئەوانەوە، و ئەوان لە پەیوەندیدا دەبن لەگەڵ تۆ سەبارەت بەو بڕیارەی کە دەدرێت.

تیمەکانی پشتگیری پەنابەری لە ناو هۆم ئۆفیس بەرپرسیارن لە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە تۆ چ پشتگیرییەک وەردەگریت هەروەها لە سەرپەرشتیکردنی ئەو دابینکەرانەی کە ئەم پشتگیرییەت پێشکەش دەکەن. هەروەها تیمەکانی پشتگیری پەنابەری دڵنیا دەبنەوە لەوەی کە ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەلایەن دابینکەرانی شوێنی نیشتەجێبوونمانەوە پێشکەش دەکرێن، لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدان کە لەم نامیلکەیەدا هاتووە.

## وەزارەتی ناوخۆ چاوەڕوانی چی لە من دەکات؟

وەزارەتی ناوخۆ لە تۆ چاوەڕوان دەکات کە پابەند بیت بە هەموو مەرجەکانی پشتگیری و هاوکاریەکەتەوە، وە ئەگەر هەر گۆڕانکارییەک لە بارودۆخەکەتدا هاتە پێش پێمان بڵێیت. ئەگەر تۆ وا نەکەیت، ئەگەری زۆرە کاریگەری لەسەر مافی تۆ بۆ بەردەوامی لە هاوکاریەکەت هەبێت.


هیچ نامەیەک پشت گوێ مەخە کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە بۆت نێردراوە چونکە ئەوە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕەتکردنەوەی پشتگیرییەکەت یان وەستاندنی. ئەگەر نامەیەکت بۆ هاتووە و دڵنیا نیت کە مانای چییە، پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەران - مایگرەنت هێڵپەوە بکە بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری و ڕێنمایی.

دەتوانیت لە ڕێگەی سەردانی www.gov.uk زانیاری زیاتر لەسەر ئەو خزمەتگوزارییانە بزانیت کە حکومەت پێشکەشی دەکات.

# دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت؟

## دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوون چییە؟

دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوون بریتییە لە کۆمپانیایەک کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە گرێبەستی لەگەڵ کراوە بۆ دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ پەناخوازان و پاراستنی شوێنی نیشتەجێبوونەکە. دابینکەرانی شوێنی نیشتەجێبوون بەپێی شوێنەکە جیاوازن.



## چاوەڕوانی چی بکەم لە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەم؟

ئەو خزمەتگوزارییانەی کە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت پێشکەشی دەکات بریتین لە:

- دابینکردن و پاراستنی شوێنی نیشتەجێبوون و مۆبیلیات و ئامێر و خزمەتگوزارییەکان بە پاک و سەلامەت و گونجاوی.
- پێشەکییەک (ناساندن) ی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت کاتێک کە دەگەیتە شوێنەکەت، لەوانەش زانیاری دەربارەی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لەبەردەستتدان
- دابینکردنی خزمەتگوزاری خۆراکی شوێنی نیشتەجێبوون کە پێکهاتووە لە سێ ژەم لە ڕۆژێکدا و دەستڕاگەیشتن بە شتومەکی سەرەکی پاکوخاوێنی کەسی و کەلوپەلی خاوێن کەرەوە (یان بەدیل بۆ ئەوانەی لە شوێنێکی نیشتەجێبووندان کە خۆیان دەتوانن خواردن ئامادە بکەن، پارەی کاشیان پێ بدرێت بۆ دابینکردنی تێچووی ئەمانە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم پێداویستیانە دابین بکرێت تێبینی: ئەوانەی کە لەسەر پشتگیری سێکشن ٤ن مافی وەرگرتنی پارەی کاشیان نییە و لە بری ئەوە پارەکەیان بۆ دەخرێتە سەر ئاسپین کارتەکەیان ئەگەر پێویست بێت). ژنانی دووگیان و کۆرپە مافی دابینکردنی پێداویستی زیاتریان هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستی خۆراکی و پێداویستی ژیانیان (دەستگەیشتن بە دایبی، شیری قووتوو، شیر، دابینکردنی پێداویستی خۆراکی زیاتر، ئامێری تەعقیمکردنی شووشەی منداڵ و هتد)، لەکاتێکدا لە شوێنی نیشتەجێبوونی تەواون کە سێ ژەمە خواردنیان بۆ ئامادە دەکرێت یاخود لەو شوێنی نیشتەجێ بوونانەدان کە نیوەی ژەمەکانیان بۆ ئامادە دەکرێت. ئەو خێزانانەی کە کۆرپەی نوێیان هەیە و ژنانی دووگیان دەتوانن داوای یارمەتی منداڵبوون بکەن لەکاتێکدا لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییدان. ئەو خانمانەی کە تازە بوون بە دایك یا دووگیانن و لەو شوێنی نیشتەجێبوونانەدان کە خۆیان خواردن ئامادە دەکەن ، تەواوکەرێک زیاد دەکرێت بۆ دابینکردنی هەفتانەی ئەو پشتگیرییە داراییەی کە وەریدەگرن.
- پێشخستنی خۆشگوزەرانی خۆت، لەوانەش ڕەوانەکردنت بۆ دەزگا پەیوەندیدارەکان لە هەر کاتێکدا کە یارمەتیدەرت دەبێت
- دابین کردنی خزمەتگوزاری وەرگێران و موتەرجیم لە شوێنی پێویست لە کاتێکدا کە پەیوەندیت پێوە دەکەن
- ڕوون کردنەوەی پرۆسەی فیدباک و چۆنیەتی سکاڵا کردن بۆت و چارەسەرکردنی هەر سکاڵایەک لە ماوەی پێنج ڕۆژی کارکردندا لە هەر شوێنێک کە بتوانرێت
- بەڕێوەبردن - چارەسەر کردنی هەر ڕەفتارێکی دژە کۆمەڵایەتی یان تێکدەرانە کە لەوانەیە لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەتدا ڕوووبدات
- ئاگادارکردنەوەت لەوەی کە نزیکترین نۆرینگەی عیادەی پزیشکی گشتی (پزیشکان) لە کوێ بەردەستە یاخود یارمەتی دانت بۆ ناو تۆمارکردن لە پزیشکی گشتی ئەگەر حاڵەتێکی پزیشکی پێش وەختەت هەبوو (مەگەر پەرستارێکی پزیشکی لەو شوێنە بەردەست نەبێت)
- یارمەتیدانی تۆ بۆ دەست ڕاگەیشتنت بە چاودێری تەندروستی ئەگەر پێویستت پێی بێت کاتێک دەگەیت، یان لە ماوەی ئەو کاتەتدا کە لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەتیت (ئەمە دەتوانرێت لە ڕێگەی بەڕێوەبەرانی خۆشگوزەرانی نیشتەجێبوون، تیمەکانی پاراستن، یان بەڕێوەبەرانی نیشتەجێبوونەوە ڕێکبخرێت)
- دابینکردنی پشتگیری بۆ بەکارهێنەرانی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لەسەر پشتگیری سێکشن ٤و سێکشن ٩٨ و خشتەی ١٠ن هەروەها یارمەتی دانیان بە دابینکردنی هۆکاری گواستنەوە یان پێدانی بلیتی گواستنەوەی گشتی بۆ ڕۆشتن بۆ چاوپێکەوتنی پزیشک، پزیشکی ددان، و نەخۆشخانە، مەوعیدەکانی پێش منداڵ بوون یان دوای منداڵ بوون، یان بۆ ڕۆشتن بۆ تۆمار کردنی لەدایکبوون یان مردنی ئەندامانی خێزان. تکایە ئاگاداربە کە پێویستە لە هەر شوێنێک کە دەتوانیت خزمەتگوزارییە ناوخۆییە نزیکەکان بەکاربهێنیت، و پێویستە بەڵگەی هەر چاوپێکەوتنێک بخەیتە ڕوو (بۆ نموونە، نامەی چاوپێکەوتن- ئەو نامەیەی بۆت هاتووە بۆ مەوعیدەکەت) وە پێویستە بە زۆرترین کات ئاگاداری بدەیت بە دابینکەرەکەت سەبارەت بە موعیدەکەت بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کە دەتوانرێت لە کاتی گونجاودا هۆکاری گواستنەوە یاخود بلیتی سەفەرت بۆ ڕێکبخرێت. بۆ هەر کێشەیەک کە پەیوەندی هەبێت بە ڕۆشتن

بۆ چاپێکەوتنەکانت، تکایە پەیوەندی بە مایگرەنت هێڵپ- یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەن.

- ئەگەر هەر کێشەیەکت لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونەکەت هەبوو لە ماوەی مانەوەت لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی پێویستە کێشەکە بەرز کەیتەوە بۆ مایگرەنت هێڵپ لەڕێگەی ژمارە تەلەفۆنی لە **٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣**، لە ڕێگەی ویبچاتەوە لە[https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch](https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch) یان لە ڕێگەی **بەرزکردنەوەی کێشە** ([https://ellis.custhelp.com/app/ask/session](https://ellis.custhelp.com/app/ask/session))

به پەیوەندیکردن بە هێڵی یارمەتی تەلەفۆنی بێبەرامبەریانەوە بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣

- پاشان ئەوان بەناوی تووە ئەو پرسە لەگەڵ دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت دەوروژێنن. بۆ زانیاری زیاتر سەیری '**ڕاپۆرت کردنی پرس و بەرز کردنەوەی سکاڵا**' بکە.

## دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەم چاوەڕوانی چیم لێدەکات؟

پێویستە بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بکەیت. ئەمەش بریتییە لە پاک ڕاگرتنی و ئاگاداربوون لەوەی زیان بە ئامێر و فیتینگەکانی ناو شوێنەکە نەگەیەنێت.
هەروەها پێویستە ڕێز لە هەر کەسێک بگرێت کە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت لەگەڵیدا هاوبەشە و هەر ستافێک کە دەیبینیت.



# ڕێکخراوی یارمەتی کۆچبەران- مایگرەنت هێڵپ

## یارمەتی کۆچبەران چییە؟

یارمەتی کۆچبەران ڕێکخراوێکی خێرخوازییە کە خزمەتگوزارییەکی نیشتمانی بە ناوی - (AIRE ئامۆژگاری ، ڕاپۆرتکردنی کێشەکان و شایستەیی) بەڕێوە دەبات جیاوازە لە هۆم ئۆفیس- وەزارەتی ناوخۆ. یارمەتی کۆچبەران دەتوانێت ئامۆژگاری و ڕێنمایی سەربەخۆتان پێشکەش بکات سەبارەت بە پرۆسەی پەنابەری و مافەکانتان. هەروەها دەتوانن ئاراستەتان بکەن بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی دیکە کە لە بەریتانیا بەردەستن.

## چاوەڕوانی چی لە مایگرەنت هێڵپ\ یارمەتی کۆچبەران بکەم؟

یارمەتی کۆچبەران یارمەتیت دەدات بۆ دەستڕاگەیشتن بە پشتگیری دارایی، شوێنی نیشتەجێبوون، ئامۆژگاری یاسایی و ئەو خزمەتگوزارییانەی تر کە بەپێی یاسا مافت هەیە لێیان سوود مەند بیت. ئەوان زانیارییت پێدەدەن بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن لە تێگەیشتنت لە پرۆسەی پەنابەری، شایستە پاڵپشتییەکانت و وە چۆن دەتوانیت پێش چاوپێکەوتنی پەنابەریەکەت دەستت بگات بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی دیکە (لەوانەش چاودێری تەندروستی و ڕاوێژکاری یاسایی). ئەگەر پێویستت بوو دەتوانیت دەستت بگات بە وەرگێڕ و ئەمەش هەمیشە پێویستە لە سەرەتای پەیوەندییەکەدا داوای بکەیت.

هێڵی یارمەتی بێبەرامبەری مایگرەنت هێڵپ- یارمەتی کۆچبەران دەتوانێت بە زمانی خۆت ئامۆژگاریت بکات. ئەو بابەتانەی کە دەتوانن هاوکاریت بکەن بریتین لە:

- چۆنیەتی داوای مافی پەنابەری
- هاوکاری دارایی
- دۆزینەوەی نوێنەرایەتی یاسایی
- پرۆسەکانی پەنابەری
- دەستڕاگەیشتن بە چاودێری تەندروستی
- هاوکاری لە شوێنی نیشتەجێبوون

دەتوانیت لە ڕێگەی یارمەتی کۆچبەرانەوە سکاڵا لەسەر وەزارەتی ناوخۆ بەرز بکەیتەوە؛ بەڵام ئەمە دەبێت ئەو سکاڵایانە بێت کە پەیوەندی بە شوێنی نیشتەجێبوون یان پشتیوانی پەنابەرییەوە هەبێت. سەرەتا وە لە پێش ئەوەی بچیتە سەر هەر جۆرە کارێکی تر یان سکاڵایەکی تر، هەر نیگەرانییەکت هەیە قۆناغی یەکەم دەبێت لە ڕێگەی یارمەتی کۆچبەران (مایگرەنت هێڵپ)ەوە بوروژێنرێت (بەرز بکرێتەوە)،

سکاڵا سەبارەت بە داوای پەنابەریەکەت یان تانەدان لە داوای پەنابەریەکەت وەرناگیرێت، و پێویستە ئەو ڕێنماییانە جێبەجێ بکەیت کە لە نامە پەیوەندیدارەکاندا هاتووە بۆ پێشخستنی ئەو بابەتانە.

مۆڵەتی نیشتەجێبوونی بایۆمەتری (BRPs)، هەڵەکانی کارتی تۆماری داواکاری (ARC)، و کێشەکانی مۆڵەتی کارکردن (PTW) **نابێت** لەگەڵ یارمەتی کۆچبەران بوروژێنرێن. لەبری ئەوە دەتوانیت کێشەکانی ئەم خزمەتگوزاریانە بە شێوەی ئۆنلاین لەم لینکەدا ڕاپۆرت بکەیت:

- BRP - [Biometric residence permits (BRPs): Getting your BRP if you applied from inside the UK - GOV.UK (www.gov.uk)]
- ARC - [Application registration card (ARC) - GOV.UK (www.gov.uk)]
https://www.gov.uk/government/publications/application-registration-card-arc
- PTW - [Permission to work and volunteering for asylum seekers (accessible) - GOV.UK (www.gov.uk)]

هێڵی یارمەتیی ئەوان یارمەتی ژمارەیەکی زۆر لە پەناخوازان دەدات، هەروەها هێڵی تەلەفۆنەکانیان زۆر سەرقاڵ دەبن کە لەوانەیە ببێتە هۆی دواکەوتنی وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکەت. تکایە سەبر بگرن و پەیوەندیەکەت بە زووترین کات وەڵام دەدرێتەوە. لە هەر شوێنێک کە دەتوانرێت، تکایە بیر لە بەکارهێنانی فەنکشنەکانی تری وەك **ویبچات** و **Raise an Issue**بکەرەوە بۆ ئەو پرسیارانەی کە بەپەلە نین.

هەروەها مایگرەنت هێلپ- یارمەتی کۆچبەران دەتوانێت یارمەتیت بدات لە پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری بۆ پشتیوانی دارایی و شوێنی نیشتەجێبوون (پاڵپشتی پەنابەری (ASF1) (یان داواکاری بۆ پشتیوانیی تری پەنابەری (ASF2). هەروەها یارمەتیت دەدەن ئەگەر پێویست بوو وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکەیتەوە لە گۆڕانکاری لە بارودۆخی خۆت.

یارمەتی کۆچبەران ناتوانێت ئامۆژگاری یاسایی یان نوێنەرایەتی پێشکەش بکات. دەتوانن زانیاریت بەنێ لەسەر چۆنیەتی دەستراگەیشتن بە خزمەتگوزارییە یاساییەکان. هەروەها دەتوانیت بەدوای ڕاوێژکاری یاساییدا بگەڕێیت لە ڕێگای

[www.gov.uk/find-a-legal-adviser]

هەروەها پێویستە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەیت ئەگەر دەتەوێت سکاڵا تۆمار بکەیت لەسەر دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت، دابینکەری پارە، وەزارەتی ناوخۆ، یان مایگرەنت هێڵپ خۆیان. هەروەها ئەگەر هەر کێشەیەکت لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت هەبوو، پێویستە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەیت. زانیاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارە دەتوانرێت لە 'ڕاپۆرتکردنی کێشە و بەرزکردنەوەی سکاڵاکان'دا in 'Issue Reporting and Complaints.' بدۆزرێتەوە. سکاڵا کردن سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون بە هیچ شێوەیەک کاریگەرییان لەسەر دەرئەنجامی داواکاری پەنابەریەکەت یان لەسەر شایستەیی تۆ بۆ پشتیوانی و شوێنی نیشتەجێبوونەکەت نابێت.

## ئایا یارمەتی کۆچبەران(مایگرەنت هێڵپ) چاوەڕوانی چی لە من دەکات؟

- هەر کاتێک پەیوەندی بە (مایگرەنت هێڵپ) یارمەتی کۆچبەرانەوە دەکەیت، تکایە با (ڕیفرێنس نەمبەر) ت پێ بێت، واتە ئەو ژمارەی ئاماژەیەی کە بۆ تۆ دانراوەو لە بەڵگەنامەکانی هۆم ئۆفیسدا هەیە با لەبەردەستتدا بێت.
- لە هەر چاوپێکەوتنێک کە بۆت دانراوە ئامادە ببە. هەر زانیارییەک یان بەڵگەنامەیەک کە پەیوەندی بە داواکارییەکەتەوە هەبێت، لەگەڵ خۆت ببیە بۆ چاوپێکەوتنەکە.
- هەوڵ بدە هەمیشە هەرچەند دەتوانیت خۆت لەگەڵ (مایگرەنت هێڵپ) یارمەتی کۆچبەران قسە بکەیت نەک داوا لە هاوڕێکانت یان خێزانەکەت بکەیت کە بەناوی تووە قسە لەگەڵ یارمەتی کۆچبەران بکەن. نیگەران مەبە ئەگەر ناشزانیت بە ئینگلیزی قسە بکەیت، چونکە ئەوان وەرگێر - موتەرجیمت بۆ دابین دەکەن.
- پێش ئەوەی پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەیت یان بەشداری کۆبوونەوەیەک بکەیت، هەر بابەت و پرسیارێکت هەیە لای خۆت بە تێبینی بینوسە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بە شێوەیەکی کارا مامەڵە لەگەڵ هەموو پرسیارەکانتدا بکرێت.
- تا دەتوانیت بە تەواوی وەڵامی پرسیارەکانی ڕاوێژکارەکانیان بدەرەوە. ئەوان ڕاهێنراون لەسەر ئەو پرسیارانەی کە پێویستە بیکەن بۆ ئەوەی یارمەتیت بدەن لە پرسیارەکەتدا.
- ئاگاداریان بکەرەوە لە هەر گۆڕانکارییەک لە وردەکارییەکانی پەیوەندیکردنت وەک ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانی ئیمەیڵ.
- یارمەتی کۆچبەران هەمیشە ناسنامەکەت پشتڕاست دەکاتەوە و هەرگیز زانیاری کەسی بۆ لایەنەکانی تر ئاشکرا ناکات. ئەگەر دەتەوێت کەسێک یان ڕێکخراوێکی تر بە نوێنەرایەتی تووە کار بکات، پێویستە **نامەی دەسەڵات پێدان** واژۆ بکەیت، یان **ڕەزامەندی زارەکی** بدەیت کاتێک لەگەڵ یارمەتی کۆچبەران قسە دەکەیت، بۆ ئاسانکاری بۆ ئەم مەبەستە وە بۆ ئامۆژگاری زیاتر لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارە، پەیوەندی بکە بە یارمەتی کۆچبەرانەوە.
- یارمەتی کۆچبەران ڕەفتاری سووکایەتیکردن، هەڕەشەکردن، یان شەڕانگێزی قبوڵ ناکات. ستافەکەیان بە ئیحترام و ڕێزەوە مامەڵەت لەگەڵ دەکەن. تکایە تۆش بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ بکە.

## پەیوەندیکردن بە (مایگرەنت هێڵپ) یارمەتی کۆچبەرانەوە

دەتوانن پەیوەندی بکەن بە یارمەتی کۆچبەرانەوە لە ڕێگەی:
**وێبچات** https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch :
**وروژاندنی پرسێک** لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەیانەوە (https://ellis.custhelp.com/app/ask/session) :
پەیوەندیکردن بە هێڵی یارمەتی تەلەفۆنە بێبەرامبەرەکەیانەوە بە **ژمارە تەلەفۆنی ٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣**

ئەم خزمەتگوزاریانە ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و ٧ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بەردەستن و خزمەتگوزاری وەرگێڕانی تەواو پێشکەش دەکەن. تکایە تێبینی: ئەگەر تۆ لە ناپیر نیشتەجێیت، کارمەندانی یارمەتی کۆچبەران لە شوێنەکەدا بەردەستن
زانیاری زیاتر و ئامۆژگاری وەرگێڕدراو بە ١٠ زمانی جیاواز لە ماڵپەڕی یارمەتی کۆچبەران بەردەستە لە
**www.migranthelpuk.org**





# بەشی سێیەم

## ڕاپۆرتکردنی پرس و سکاڵاکردن

**ئەگەر کێشەیەکت هەیە لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت یان پشتگیرییەکانت یان دەتەوێت سکاڵا لەسەر هەریەکێک لە ڕێکخراوەکانی ناو ئەم پاکێجە بەرز کەیتەوە، پێویستە بە زووترین کات لە ڕێگەی مایگرەنت هێڵپ - یارمەتی کۆچبەرانەوە ئەمە بکەیت.**

**تکایە ئاگاداربن کە ئەو بەکارهێنەرانەی خزمەتگوزاری کە لە کەشتی (بارج)دا جێگیرکراون، پێویستە پرسەکانی چاککردنەوە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ستافی ناو کەشتییەکە بوروژێنن نەک لە ڕێگەی (مایگرەنت هێڵپ) یارمەتی کۆچبەرانەوە.**

هەر سکاڵایەک یان پرسێک کە بوروژێنرێت کاریگەری لەسەر داواکاری پەنابەریەکەت یاخود مافی بەردەوامی پشتیوانی و هاوکاریەکەت نابێت. پێویستە بزانیت و هەست بە ئاسوودەیی بکەیت کە هەر سکاڵایەک کە دەگاتە دەستیان بە جددی وەردەگیرێت و لەلایەن ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەسەر شکان و تێك چوونی خزمەتگوزاریەکان دەکرێن لە ماوەی دیاریکراودا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بەپێی ڕیزبەندی بابەتەکە. نموونە دەتوانرێت لە بەشی 'Repairs and Maintenance.' 'چاککردنەوە'دا بدۆزرێتەوە. ئەگەر کێشەکە لەو ماوەیەدا چارەسەر نەکرا، پێویستە جارێکی تر پەیوەندی بە **Migrant Help** یارمەتی کۆچبەران بکەیتەوە و ئەوان بەدوواداچوون بۆ کێشەکە دەکەن.

گرنگە ئەگەر دەتەوێت گلەیی لەسەر هەر لایەنێکی شوێنی نیشتەجێبوون یان پشتگیرییەکەت بکەیت، بە زووترین کات بیکەیت. پێشوازی لە فیدباک و گلەییەکان دەکرێت چونکە یارمەتیدەر دەبن لە باشترکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش دەکرێن. پێش گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی فەرمی زیاتر سەبارەت بە پرسێک پێویستە پرۆسەی سکاڵاکان پەیڕەو بکرێت بۆ ئەوەی دەرفەت بە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوون و/یان وەزارەتی ناوخۆ بدرێت بۆ لێکۆڵینەوە لە نیگەرانییەکانتان.

## پێویستە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەیت سەبارەت بە:

**کێشەکانی چاککردنەوە** – بۆ ڕاپۆرتکردنی کێشەکان لەگەڵ شوێنی نیشتەجێبوونی پەنابەریت. ئەوان بەناوی تۆوە لەگەڵ دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت قسە دەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەمانە (بڕوانە " چاککردنەوە" “Repairs and maintenance” لە لاپەڕەی ٢٤ لە خوارەوە).

**داوای یارمەتی** – ئەگەر هەست دەکەیت مەترسی لەسەر تەندروستی و خۆشگوزەرانی خۆت یان خێزانەکەت هەیە. ئەمە دەکرێت ڕاپۆرتکردنی گومانێك بێت لەسەر پشت گوێ خستنی منداڵان، توندوتیژی خێزانی، ئازاردانی سێکسی یان ئیستغلالکردن، ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی، لانەوازی یان بێ ماڵ و حاڵ یان گومانی توندوتیژی یان توندڕەوی هەبێت.

یارمەتی کۆچبەران داواکارییەکە یان ڕاپۆرتەکە ڕەوانەی دابینکەرەکەت دەکات، کە دواتر بەرپرسیارە لە گرتنەبەری هەر

ڕێوشوێنێک کە بە پێویستی دەزانێت بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی و خۆشگوزەرانی تۆ لەوانەش ئاگادارکردنەوەی هۆم ئۆفیس و، لە هەرکوێشدا پێویست بێت، پۆلیس.

**سکاڵاکان** – ئەگەر دەتەوێت سکاڵایەک تۆمار بکەیت سەبارەت بەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەش دەکرێن لەلایەن (مایگرەنت هێلپ) یارمەتی کۆچبەران، دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت، دابینکەری پارەی پاڵپشتی پەنابەری، یان وەزارەتی ناوخۆ ، پێویستە پێش ئەوەی هەر هەنگاوو کارێکی فەرمی زیاتر بنێیت پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەیت و داوای سکاڵا بکەیت بۆ لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوە.

**فیدباک** – بۆ باشترکردنی بەردەوامی ئەو پشتگیرییەی کە بەردەستە بە درێژایی ماوەی داوای پەنابەریەکەت. دەتوانیت باسی ئەزموونی خزمەتگوزارییەکانی خۆتیان بۆ بکەیت کە لەلایەن یارمەتی کۆچبەران، دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت، دابینکەری پارەی پشتگیری پەنابەری، یان وەزارەتی ناوخۆوە پێشکەشت دەکرێن. ئەوان سەرنجەکانتان دەگوازنەوە بۆ ڕێکخراوی پەیوەندیدار.

بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی بکەن بە ٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣، **بچنە ناو وێبچات لە**
[https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch](https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch) یان کێشەکە بورووژێنن لە
[https://ellis.custhelp.com/app/ask](https://ellis.custhelp.com/app/ask)

پێویستە لەناو شوێنی نیشتەجێبوونەکەتدا دەستڕاگەیشتنت بۆ تەلەفۆن بۆ بەردەست بکرێت. ئەگەر کێشەت هەیە لە دۆزینەوەی شوێنی تەلفۆنەکە، تکایە پەیوەندی بە ئەندامێک لە کارمەندەکانەوە بکە لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت. هەروەها لە کتێبخانەی ناوخۆیی نزیك خۆت دەتوانیت دەستت بگات بە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.

پرسەکە یا ڕاستەوخۆ لەگەڵ مایگرەنت هێلپ دەوروژێنرێت یاخود دڵنیا دەبن لەوەی کە دابینکەری پەیوەندیدار مامەڵەی لەگەڵ دەکات. ڕاوێژکارەکانیان سنوری کاتێکت پێدەدەن کە دەتوانن پێشبینی بکەن چەندە خێرا چارەسەری ئەو پرسەت بۆ دەکەن.
هەرچەندە دەتوانیت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کارمەندەکانی شوێنی نیشتەجێبوونەکەتەوە بکەیت بۆ هەر کێشەیەک پەیوەندی بە ئەزموونی خۆتەوە هەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەتدا (بۆ نموونە سەبارەت بە خواردن، دەستڕاگەیشتن بە کەلوپەلی خاوێن کردنەوە و پێداویستیە سەرەکییەکان، زانیاری دەربارەی ئاسانکارییەکانی وەک غەسالە\ جلشۆر و هتد)، تکایە کێشەکانی چاککردنەوە یان کێشەکانی پەیوەست بە پشتگیری دارایی خۆت بەم شێوەیە بەرز مەکەرەوە (مەگەر ئەمە پەیوەندی بە کێشەکانی چاککردنەوە هەبێت لە ناو کەشتییەکەدا). لەبری ئەوە، تکایە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەن بۆ ئەوەی بە فەرمی ئەم کێشانەت بۆ ڕاپۆرت بکەن. ئەمەش دڵنیای دەدات لەوەی کە پرسەکەت بە فەرمی تۆمار دەکرێت و چاودێری دەکرێت بۆ چارەسەرێکی کاریگەر.

### کارتی ئاسپین و پرسەکانی پارەدان

١
ئەگەر پێویستت بە یارمەتی هەیە پەیوەست بە کارتی ئاسپینەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە دابینکەری پشتگیری **PFS بکەیت لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە٠٨٠٠٠٢٤٦١٣٢٧** . کە پەیوەندیت کرد پێیانەوە، دەتوانرێت بە یەكێك لەم سێ بژاردەی خوارەوە پشتگیریت بۆ دابین بکرێت:

- ئاشکراکردنیPIN - (ئاشکرا کردنی ژمارە نهێنی)
- لێکۆڵینەوە لە بالەنسی حسابیەکەت (چەندی تێدایە کارتەکەت)
- ونبوون و دزراو - بلۆکی کارت

ئەم خزمەتگوزاریە لە ئێستایا بە ١٠ زمان بەردەستە، لەگەڵ زمانی ئینگلیزی. لە ئێستادا ئەم بژاردەی زمانانە لەبەردەستدایە: ئەلبانی، ئەمهاری، عەرەبی، چینی، فارسی، کوردی، پەشتۆ، پەنجابی، دیگرینیا و ئوردو.

ئەگەر هەر کێشەیەکی ترت هەبوو کە پەیوەندی بە کارتی ئاسپین یان پارەی پەنابەریەکەتەوە هەبێت، پێویستە پەیوەندی بە

یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەیت کە بەناوی تۆوە پرسەکە لەگەڵ لایەنی گونجاو دەوروژێنێت.

## گلەیی\ سکاڵا کردن لە دابینکەران

سکاڵاکانی پەیوەست بەو خزمەتگوزارییەی کە لە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت، دابینکەری پارەی پشتگیری یان یارمەتی کۆچبەرانەوە وەرگیراون، پێویستە لە ڕێگەی یارمەتی کۆچبەرانەوە ئەنجام بدرێت لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە **۰۸۰۸۸۰۱۰۵۰۳، یان لە ڕێگەی ویبچاتەوە**
**:** [https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch](https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch)
**یان لە ڕێگەی ورووژاندنی پرسیەکەوە**[https://ellis.custhelp.com/app/ask](https://ellis.custhelp.com/app/ask)

کاتێک کە سکاڵاکە وەرگیرا، ئامانجی دابینکەری پەیوەندیدار چارەسەرکردن و وەڵامدانەوەی سکاڵاکەت دەبێت لە ماوەی پێنج ڕۆژی کارکردندا. ئەگەر لەلایەن دابینکەری پەیوەندیدارەوە چارەسەر نەکرێت، یان تۆ لە وەڵامەکە ڕازی نەبوویت، یارمەتی کۆچبەران سکاڵاکەت دەنێرێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

هەر کاتێک سکاڵایەک لەسەر دابینکەرێک دەنێردرێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتییەکە ئامانجی دەبێت لە ماوەی ۲۰ ڕۆژی کارکردندا وەڵام بداتەوە. ئەگەر تۆ لە وەڵامەکەمان ڕازی نەبوویت، تۆ دەتوانیت سکاڵاکەت بەرز بکەیتەوە بۆ (IEC) پشکنەری سەربەخۆی سکاڵاکان لە ماوەی سێ مانگ لە بەرواری وەڵامدانەوەکە بەڕێگای ئیمەیڵ کردن بۆ [iec@homeoffice.gov.uk](mailto:iec@homeoffice.gov.uk) یان بە نووسین بۆPO BOX 6147, SHEFFIELD, S2 9JD بەڵام تکایە تێبینی بکە کە لە کاتێکدا IEC دەتوانێت پشکنین - بەدواداچوون بۆ شێوازی مامەڵەکردنی ئەوان لەگەڵ سکاڵاکەت بکات ، بەڵام ناتوانێت سەیری سکاڵاکان بکات سەبارەت بەو خزمەتگوزارییانەی کە هیچ مەرجێکی گرێبەستییان نییە.

ئەگەر بڕیارت دا سکاڵاکەت بەرز بکەیتەوە بۆIEC ، تۆ پێویستە کۆپییەکی وەڵامەکەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ سکاڵای سەرەتاییەکەی خۆتیان پێ بدەیت شانبەشانی هەر بەڵگەیەک کە پێشکەشت کردووە.

زانیاری زیاتر سەبارەت بە پشکنەری سەربەخۆی سکاڵاکان و ڕێنماییەکان لەکاتی سکاڵاکردن لە IEC دەتوانرێت لە ماڵپەڕی Gov.uk بدۆزرێتەوە

https://www.gov.uk/guidance/make-a-complaint-to-the-independent-examiner-of-complaints

ئەگەر هێشتا ناڕازیت لە وەڵامی IEC بۆ سکاڵاکەت، دەتوانرێت ئەمە لە گەڵ چاودێرانی پەرلەمان و خزمەتگوزاری تەندروستی بوروژێنرێت. چاودێر بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر ئەو سکاڵایانە کە لەلایەنNHS ، وەزارەتەکانی حکومەت و هەندێک ڕێکخراوی گشتی دیکەوە چارەسەر نەکراون. خزمەتگوزاریەکەیان بۆ هەموو کەسێک بەخۆڕاییە. تکایە ئاگاداربە، بۆ ئەوەی سکاڵایەک ئاراستەی چاودێران بکەیت، پێویستە پەیوەندی بە پەرلەمانتاری ناوچەکەی خۆتەوە بکەیت کە لەوانەیە بەناوی تۆوە ئەمە ڕەوانە بکات. بۆ زانیاری زیاتر، تکایە سەردانی[www.ombudsman.org.uk](http://www.ombudsman.org.uk) بکەن یان پەیوەندی بکەن بە ۰۳٤٥۰۱٥٤۰۳۳

## گلەیی و سکاڵا لە هاوکاریەکەتان

هەر کاتێک سکاڵایەک سەبارەت بە وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ یارمەتی کۆچبەران (مایگرەنت هێڵپ) بەرزکرایەوە، ئەمە لەگەڵ تیمی پەیوەندیداردا هاوبەش دەکرێت بۆ لێکۆڵینەوە و وەڵامدانەوە لە ماوەی ٢٠ ڕۆژی کارکردندا. ئەگەر تۆ لە وەڵامی وەزارەتەکە ناڕازی بوویت، مافی ئەوەت هەیە ئەمە بەرز بکەیتەوە بۆ تیمی سکاڵا ناوەندییەکان (CCT) بۆ پێداچوونەوە. وردەکارییەکانی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم کارە لە وەڵامەکەدا بۆت دەخرێتەڕوو.

## بە چ شێوەیەکی تر دەتوانم سکاڵا لە وەزارەتی ناوخۆ بکەم؟

دەتوانیت ڕاستەوخۆ سکاڵا لە وەزارەتی ناوخۆ تۆمار بکەیت ئەگەر:

- تۆ پێشتر لە ڕێگەی یارمەتی کۆچبەرانەوە سکاڵات تۆمار کردووە، وە ڕاپۆرتت کردووە کە لە وەڵامدانەوەی یارمەتی کۆچبەران ڕازی نەبوویت و هێشتا لە دەرئەنجامەکەی ڕازی نیت، یان
- تۆ سکاڵایەکت هەیە کە بە گونجاوی نازانیت (مایگرەنت هێڵپ) یارمەتی کۆچبەران بۆت چارەسەر بکات

**ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ سکاڵایەکی بەدەست بگات کە دەبوو ئاراستەی (مایگرەنت هێڵپ) یارمەتی کۆچبەران بکرایە، ئەوا دەنێردرێت بۆ یارمەتی کۆچبەران.**

بۆ تۆمارکردنی سکاڵا لە وەزارەتی ناوخۆ:

سکاڵاکەت بە ئیمەیڵ بنێرە بۆ ئەم ئیمەیڵە complaints@homeoffice.gov.uk

یان بە نامە بۆمان بنووسە بۆ:

Complaints Allocation Hub
Customer Correspondence Hub
7th Floor Lunar House
40 Wellesley Road Croydon
CR9 2BY



# بەشی ٤
# زانیاری و ستانداردەکانی شوێنی نیشتەجێبوون

**دابینکەرانمان چەند جۆرێك شوێنی نیشتەجێبوونیان هەیە. لەوانەیە تۆ لەم شوێنانە بمێنیتەوە:**

## هوتێل

ئەم جۆرە شوێنی نیشتەجێبوونە بەزۆری لەلایەن بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری (تاك- سنگڵ) و خێزانەکانەوە بەکار دەهێنرێت و لەو جۆرە شوێنی نیشتەجێبوونانەیە کە ژەمەکانی خواردنی تێدا دابین دەکرێت. ئەم شوێنی نیشتەجێبوونە بەبێ هەڵبژاردن پێشکەش دەکرێت و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاریەکە ئەوانەی (تاك-سنگڵ)ن ڕەنگە پێویست بکات کە لە ژووری هاوبەش دابنرێن. هاوڕێ و خێزانەکان هاندەدرێت کە ژوور بە هاوبەشی بەکاربهێنن ئەوانەی کە لە هەمان ڕەگەز بن. هەموو هەوڵێک دەدرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەو بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاریانە کە لە ژوورێکی هاوبەشدا دەژین بە هەمان زمانی یەکتر قسە بکەن، لەو شوێنانەی کە شوێنەکان بە هاوبەشی بەکار دەهێنرێت هەوڵ دراوە کە گەرماوو سەرئاو بە گوێرەی ڕەگەزەکان جیاواز بن.

## شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی

ئەم جۆرە شوێنی نیشتەجێبوونە بەزۆری لەلایەن بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری (تاك- سنگڵ) و خێزانەکانەوە بەکار دەهێنرێت و لەو جۆرە شوێنی نیشتەجێبوونانەیە کە ژەمەکانی خواردنی تێدا دابین دەکرێت (بۆ نمونە ڕۆژی سێ ژەم دابین دەکرێت). گەرماوو سەرئاو بە گوێرەی ڕەگەزەکان جیاوازن لەوانەیە شوێنی خەوتنی هاوبەش هەبێت بە لەبەرچاو گرتنی یاساکانی هاوبەشی وەزارەتی ناوخۆ.

## ئەوانی تر (لەوانەش کەشتی و شوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی گەورەتر وەک هۆڵەکانی نیشتەجێبوون یان ئەو شوێنانەی کە پێشتر بنکەی سەربازی بوون)

شوێنە گەورەکان – وەک بنکە سەربازییەکانی وێزەرسفیڵد و سکامپتون – شوێنی نیشتەجێبوونی بنەڕەتی و کارایی پێشکەش دەکەن لەگەڵ دابین کردنی چاودێری تەندروستی گشتگیر کە دانراون بۆ کەمکردنەوەی فشار لەسەر خزمەتگوزارییەکانی ناوخۆییەکانی پزیشکی گشتی و NHS ، دامەزراوەی خواردن و خواردنەوە لە شوێنەکە هەیە لەگەڵ ئاسایش - سیکیورەتی ٢٤\٧. ئەم شوێنانە تەنها پەنابەرانی دەستبەسەر نەکراوی تاکی نێری پێگەیشتوو لەخۆدەگرن.

لە شوێنی نیشتەجێبوونی کەشتییەکاندا، هەموو کابینەکان پەنجەرە و فێنك کەرەوەو یەکەکانی گەرمکەرەوە و مەخزەنیان هەیە و کەشتییەکە WIFIتێدا چالاک کراوە. هەموو ژوورەکان حەمامیان هەیە و چەندین شوێنی گشتی - کۆمەڵایەتی تێدایە لەگەڵ کانتین - فرۆشگا و شوێنی جل شۆردن. هۆکاری گواستنەوەش بۆ بەندەرەکە و گەڕانەوەش لە بەندەرەکەوە دابین کراوە.

# یاساو ڕێنماییەکان

بۆ پارمەتی دانت بۆ ئیستیقرار کردن و دامەزرانت  لەو شوێنی نیشتەجێبوونە کە تێیدا دەمێنیتەوە وە بۆ ئەوەی کەمترین بێزاریت هەبێت بۆ کەسانی تر، پێویستە:

## ئەم شتانە بکە:

- ئاگاداری تەندروستی و سەلامەتی خۆت بە و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئامێرەکاندا بکە
- بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو هاونشینەکانی ئەوێ بکە بەبێ گوێدانە ڕەگەز، ڕەچەڵەك، ناسنامەی ڕەگەزی، ، نەتەوە، زمان، ئایین، کەمئەندامی، ئاراستەی سێکسی



- بە شێوەیەکی بەڕێز و ڕێزدار مامەڵە لەگەڵ نیشتەجێبووان و کارمەندانی تردا بکە
- هەر کە هەستت بەهەر کێشەیەکی خراپ بوون وە  شکان کرد خێرا ڕاپۆرتی بکە  بۆ مایگرەنت هێڵپ بۆ چاککردنەوە
- ئەگەر شوێنی خەوتن، شوێنی نیشتەجێبوون یان شوێنی گشتی هاوبەشت هەیە، ئەوا کەلوپەلە کەسیەکانی خۆت بە سەلامەتی هەڵبگرە
- دوای هەموو بەکارهێنانیک ئاودەستەکە بشۆ (فلاشی بکە) بەلاّم شت گەلێکی وەکو دایبی منداڵان یان بەرهەمە تەندروستییەکان ی وەك سانتی و ئەو شتانە مەکە ئاودەستەکەوە
- بە شێوەیەکی بەردەوام شوێنی نیشتەجێبوونەکەت پاک بکەرەوە ، یان لەو شوێنانەی کە خزمەتگوزاری پاککردنەوە دابین دەکرێت، زەوی و ڕووکارەکان بۆ ئاسانکاری بۆ ئەم مەبەستە
- پەنجەرەکان بە بەردەوامی بکەرەوە بۆ ئەوەی کەڕو یان شێی دروست نەکات
- لە شەودا و لە کاتێکدا کە لە دەرەوەیت دڵنیابە لەوەی دەرگاکان قوفڵ کراون، و پەنجەرەکان داخراون

## ئەم شتانە مەکە:

- دەنگە دەنگی زۆر بە تایبەت لە نێوان کاتژمێر  ١١ی شەو تا ٨ی بەیانی
- جگەرە کێشان لە ناو شوێنی نیشتەجێبوونەکەت
- هێشتنەوەی ئاژەڵ و ئاژەڵی ماڵی لە ژوورەوە
- ڕێگەدان بە مانەوەی میوان و سەردانکەران بە شەو
- زیانگەیاندن بە موڵکەکە




- بردنی خواردن لە شوێنە دیاریکراوەکانی نان خواردنەوە  بۆ ناو ژوورەکەت (مەگەر شوێنی نیشتەجێبوونەکەت ڕایگەیاند بێت کە ئەمە قبوڵکراوە)
- هەستان بە ئەنجامدانی هەر کارێکی گۆڕانکاری یان چاککردنەوەیەک لە شوێنەکەت یان کارەبا
- لەکار خستنی زەنگی دوکەڵ کەوتنەوە
- بەکار هێنان یا هێشتنەوەی مادەی هۆشبەری بێ مۆڵەت لە شوێنەکەتدا

- به مەبەست بێزار کردنی سەرنشینەکانی تر
- بەکارهێنانی ڕەفتار یان زمانێکی نەشیاو بەرامبەر هەر کەسێک
- کردنەوەی نامەی کەسانی تر

# ئاسانکارییە چاوەڕوانکراوەکان
# لە شوێنی نیشتەجێبووندا

**پێویستە ئەم شتانەی خوارەوە لەناو شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییدا دابین بکرێن.**
**ئەگەر شتێک لەم لیستانەدا دابین نەکراوە، یان هەر شتێک لە تۆمارەکەدا ون بووە یان شکاوە، تکایە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەران (مایگرەنت هێڵپە)وە بکەن.**

## ئامرازەکانی شۆردن



**حەمامی داخلی (لە ژووری نوستنەکەدا) ، یان بە لانیکەم یەك حەمامی دیاری کراو بۆ هەر پێنج کەس لە هەمان ڕەگەز لە بەکار هێنەرانی خزمەتگوزارییەکە کە پێکهاتووە لە:**
**بەکارهێنەری تاکە خزمەتگوزاری کە پێکهاتووە لە:**

- حەمام و/یان دوش لەگەڵ ڕووپۆشێکی دژە ئاوەوە ئەگەر گونجاو بێت (بۆ نموونە، پەردە بۆ دوش\ شاوەرەکە). (بۆ ئەوەی ئاوی حەمامەکە نەڕژێتە دەرەوە)
- مەخسەلەی دەست شتن
- توالێت\ سەرئاو

## نانخواردن

**لەو شوێنی نیشتەجێبوونانەی خواردن دابین دەکرێت:**

- دەستراگەیشتن بە لانیکەم **٣ ژەم لە ڕۆژێکدا** (ژەمی بەیانیان، نیوەڕۆ و ئێواران)، لەگەڵ هەڵبژاردنی لانیکەم یەک هەڵبژاردنی خواردنی گەرم، یەک هەڵبژاردنی خواردنی سارد و یەک بژاردەی خواردنی ڕووەکی لە هەر ژەمێکدا شانبەشانی **خزمەتگوزاری خواردنەوە** (دەبێت لە هەموو کاتێکدا دەستراگەیشتن بە ئاوی خواردنەوە هەبێت لە وانەش بەردەستبوونی ئاوی بەلوعە کە چارەسەر کراوە و سەلامەتە بۆ بەکارهێنان لە بەریتانیا)
- تکایە ئاگاداربن لە کاتی ئامادە کردنی خواردن بۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، ئەستەمە هەموو سەلیقە و ئارەزووەکان تێر بکەیت. ئەگەر دەتەوێت فیدباک لەسەر پێشکەشکردنی خواردنەکان بدەیت بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر دروستکردنی لیستی خواردنەکان (مێنیوەکان) هەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەتدا، تکایە لە ڕێگەی (مایگرەنت هێڵپ) یارمەتی کۆچبەرانەوە ئەوە بکە یان ستافی شوێنەکە ئاگادار بکەرەوە
- خزمەتگوزاری خۆراک بۆ کۆرپە و منداڵە بچووکەکان بە خۆراکی گونجاو، لەگەڵ خۆراکی زیادە یان ژەمەکان بەپێی پێویست بۆ دابینکردنی پێداویستییە خۆراکیەکانی منداڵان و ئافرەتانی دووگیان
- ئەو بژاردانەی کە پێداویستییە تایبەتەکانی خۆراک، کولتووری یان ئایینی دابین دەکەن، و خۆراکی زیادە بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی خزمەتگوزاری کە ڕەنگە سێ ژەمی ڕۆژانە بۆیان بەس نەبێت.
تکایە ئاگاداربە کە پێویستە بەڵگە لە پزیشکی گشتی یان پزیشکی پسپۆڕەوە پێشکەش بکرێت کە وردەکاری هەر پێداویستییەکی خۆراکی پزیشکی تایبەت بخاتە ڕوو بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دابینکەرەکەت دەتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو بۆت دابین بکات.

- لەو کاتانەی کە تۆ بۆ خزمەتگوزاری نانخواردنی نیوەڕۆی پلان بۆ دارێژراو ئامادە نابیت (بۆ نموونە، بەهۆی کاری خۆبەخشی، قوتابخانە ، چاوپێکەوتنی پزیشکی) تکایە بە زووترین کات دابینکەرەکەت ئاگادار بکەرەوە بۆ ئەوەی بەدیلت بۆ ڕێک بخات.



### لەو شوێنی نیشتەجێبوونەی کە خۆت خواردن ئامادە دەکەیت:

- بۆ هەر پێنج کەسێک دەستڕاگەیشتن بە لانیکەم یەك چێشتخانە لەوانەش دەستڕاگەیشتن بە:

✓ کەلوپەل و پێداویستیە سەرەتاییەکانی چێشت لێنان

✓ ساردکەرەوە و بەفرگر، تەباخ یان فڕن و هۆب

✓ شوێنی ئامادەکردنی خۆراک  لەگەڵ شوێنێکی کارکردنی پاکوخاوێن بۆ خواردن ئامادە کردن

✓ مەخسەلە


✓ پێداویستی پاککردنەوە

- پێدانی پارەی هەفتانە بۆ ئەوەی بتوانیت شتومەک بکڕیت بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانت وەک خۆراک. تکایە ئاگاداربن کە پارەی کاش بۆ ئەو کەسانە دابین ناکرێت کە پشتگیری بەشی سێکشن ٤(٢) یان خشتەی ١٠ وەردەگرن ، ئەو بەکارهێنەرانەی خزمەتگوزاری هەفتانە شایستە داراییەکانیان بۆ دەخرێتە سەر کارتی ئاسپینەکەیان و بۆیان پڕدەکرێتەوە.

  هەر پرسێک کە پەیوەندی بە نیگەرانییەکانی تەندروستی و سەلامەتییەوە هەبێت، پێویستە لە قۆناغی یەکەمدا لەگەڵ یارمەتی کۆچبەران بوروژێنرێت بۆ ئەوەی دابینکەرەکەت ئاگادار بکرێتەوە، و لێکۆڵینەوە دەست پێبکات.

## ژووری نوستن

### هەموو شوێنە سەرەتاییەکانی نیشتەجێبوون:




- جێگەی نوستن گونجاو بێت لەگەڵ ئەو کەسانەی کە جێگیر دەکرێن (قەرەوێڵەی تاک یان دوو نەفەری) و جێگەی خەوتن بۆ کۆرپە و منداڵی بچووک
- 1دولاب یان هەر چارەسەرێکی تر بۆ هەڵواسینی جل و بەرگ بۆ هەر ژوورێک یان یەك دانە بۆ هەر تاکێک کاتێک ژوورەکە هاوبەشە لە نێوان ئەو خەڵکە پێگەشتووانەی کە پەیوەندی خێزانیان نیە
- یەك چەکمەجە لەوانەی تا سنگ بەرزە یان هەر چارەسەرێکی تر بۆ ڕەفەی هەڵگرتن بۆ هەر ژوورێک یان یەکدانە بۆ هەر تاکێک کاتێک ژوورەکە هاوبەشە لە نێوان ئەو خەڵکە پێگەشتووانەی کە پەیوەندی خێزانیان نیە

- پەنجەرەکان پەردە یان پێوە بێت

## ئەو ناوچانەی بۆ ژیانی گشتیە

**لەو شوێنی نیشتەجێبوونانەی کە خواردنی تێدا دابین دەکرێت:**

- ژمارەی پێویست لە شوێنی نانخواردنی گونجاو و شوێنی دانیشتنی نەرم بۆ ئەوەی ژمارەی بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاریە کە لەخۆ بگرێت



**لەو شوێنی نیشتەجێبوونانەی کە خۆتان خواردن ئامادە دەکەن::**

- دەستڕاگەیشتن بە مێزێک و یەک کورسی نانخواردن و یەک تاک قەنەفە بۆ هەر کەسێک

**لە هەموو شوێنە سەرەتاییەکانی نیشتەجێبوون:**

- دەستڕاگەیشتن بە مێز و کورسی ئارام بۆ چالاکییە وەرزشییەکان بە شێوەیەکی گونجاو

## دامەزراوەکان

**لە هەموو شوێنە سەرەتاییەکانی نیشتەجێبوون:**

- دەستڕاگەیشتن بە ئاوی سازگاری خواردنەوە بە شێوەیەکی گونجاو (تکایە ئاگاداربن کە ئاوی بەلوعە سەلامەتە بۆ خواردنەوە لە بەریتانیا و پێویستی بە دابینکردنی ئاوی بازاڕ نییە)
- دەستڕاگەیشتن بە ئامێری جلشۆر بە شێوەیەکی گونجاو (بۆ نموونە، خزمەتگوزاری جلشۆر یان ئامێری غەسالە)
- دەستگەیشتن بە تەنافی جل هەڵخستن بۆ هەواگۆڕکێی جل و بەرگ بۆ وشککردنەوەی جلەکان (لەسەر داواکاری)
- تەختەی ئوتوکردن و ئامێری ئوتوکردنی جل و بەرگ
- ئامێرە پێداویستیەکانی منداڵان ئەگەر پێویست بێت، لەوانەش شوێنی نوستنی منداڵ و کورسی بەرز و تەشتی شتن و ئامێری تەعقیمکردن بۆ منداڵانی خوار تەمەنی 1 ساڵ (هەروەها دایبی)
- ئامێری دیاریکردنی دوکەڵ و یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن:

هەموو شوێنەکانی نیشتەجێبوون دەبێت زەنگی دوکەڵی کارکردنیان هەبێت (لە هەموو نهۆمێکدا کە وەک شوێنی نیشتەجێبوون بەکاردەهێنرێت) و زەنگی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن (بە تایبەتمەندییەکانی سووتەمەنی ڕەق یان غاز)

- تەلەفزیۆن و دەستڕاگەیشتن بە وای فای مەرجی گرێبەست نییە و پێویست ناکات دابین بکرێت، بەڵام ڕەنگە ئەو سیم کارتانەی کە تەنها داتایان لەسەرە لەسەر داواکاری بەردەست بن ئەگەر لە کۆگاکان هەبن (لە پرسگە پرسیاری بکە )



**هەروەها پێویستە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوون سەرچەفێکی کەسی تازەت بۆ دابین بکات کاتێک دەچیتە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت.**

| | | |
|---|---|---|
|  | خاولی حەمام | دوو دانە بۆ هەر کەسێك |
|  | خاولی دەموچاو | دوو دانە بۆ هەر کەسێك |
|  | سەر بێد | دوو دانە بۆ هەر کەسێك |
|  | بەتانی و لێفە | هەر کەسەو ١\٢ |
|  | خاولی دەست سڕین | دوو دانە بۆ هەر کەسێك |
|  | خاولی چالێنان (تەنها ئەگەر خۆتان خواردنتان دروست دەکرد) | هەر کەسەو دانەیەك |
|  | پشتی و بەرگە پشتی | لە هەریەکەیان دوو بۆ هەر کەسێك |
|  | بەرگی لێفە | دوو دانە بۆ هەر کەسێك |

## بابەتی زیادە

ئەو شت و کەلوپەلە زیادانەی کە دەیبەیت بۆ شوێنی نیشتەجێبوونەکەت خۆت لێی بەرپرسیاریت. دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بەرپرسیارێتی ئەو شتانە وەرناگرێت. ڕێگەت پێنادرێت گەرم کەرەوەی پۆرتەبڵت (ئەو هیتەرانەی کە دەگوازرێنەوە) هەبێت و داوات لێدەکرێت هەر کەرەستەیەک یان شتێکی نا سەلامەت یان مەترسیدارت هەبێت فڕێی بدەیت.

هەندێک لەو شتومەکە باوانەی کە دابینکەران **پێویست نیە** بۆت دابین بکەن:

- تەلەفۆنی کەسی (هەرچەندە پێویستە ئاسانکارییت بۆ بکەن بۆ بەردەست بوونی تەلەفۆنی هاوبەش)
- برۆدباند و وای فای (ئینتەرنێت)
- تەلەفزیۆن/ تیڤی
- گسکی کارەبایی (هەرچەندە دەبێت گسك و خۆڵ ڕێژی دەستیت بۆ دەستەبەر بکەن)

ئەگەر تۆ بارودۆخێکی تایبەتت هەیە کە خەرجی بەرچاوت دێتە سەر کە زیاترە لەو ئاستی پشتگیریە ستانداردەی کە دەتگرێتەوە، لەوانەیە تۆ شایستەیی زیاتر بتگرێتەوە، بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە یارمەتی کۆچبەران.

## خزمەتگوزارییەکان



غاز و ئاو و کارەبا بۆ ئێوە دابین کراوە. ئاگاداری ژینگە بن و چاوتان لەسەر بەکارهێنانی ئەم خزمەتگوزاریانە بێت. ڕێنماییت لە ئەفسەری نیشتەجێبوونەکەتەوە پێدراوە سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکان، وەک چۆنیەتی کارپێکردنی هیتەرەکان و شوێنی سویچی کارەباییەکان. نابێت دابینکەری خزمەتگوزارییەکانتان بگۆڕن.

## پڕوانامەی تەندروستی(HC2)

- کاتێک پشتگیری بەشی (سێکشن ٩٥)ت پێدرا، تۆ مافی بڕوانامەیHC2 ت پێدەدرێت (یان بۆ ئەوانەی لە (سێکشن ٤دان)، بڕوانامەی .(HC1 دەتوانرێت ئەم بڕوانامەیە بەکاربهێنرێت بۆ دەستگەیشتن بە:
- چارەسەری ددانیNHS - خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی
- قژی دەستکرد\ سەناعی و پشتگیری فابریکی خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی
- پشکنینی بینین و چاویلکە و عەدەسەی چاو؛ یان
- کرێی ڕۆشتن بۆ وەرگرتنی چارەسەری NHS بۆ چاویلکە یان پزیشکی ددان ئەگەر لەلایەن (پزیشک ی جی پی یان پزیشکی نەخۆشخانە) وە ڕەوانە بکرێیت.

ئەمە پێویستە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەربکرێت کاتێک پشتگیری بەشی سێکشن ٩٥ت پێدەدرێت و دوای ئەوە هەر ٦ مانگ جارێک بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نوێ دەکرێتەوە. بەڵام ئەگەر لە ماوەی ٣ هەفتەدا دوای وەرگرتنی نامەی پێبەخشینی سێکشن ٩٥کەت HC2ە کەت وەرنەگرت، دەتوانیت ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە NHS بکەیت بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری زیاتر لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە بە ژمارە ٠٣٠٠٣٣٠١٣٤٣. هێڵی تلفۆنەکانیان لە دووشەممە تا هەینی، کاتژمێر ٨ی بەیانی تا ٦ ئێوارە و هەروەها ڕۆژانی شەممە کاتژمێر ٩ی بەیانی تا ٣ی پاشنیوەڕۆ کراوەن. هەروەها پێویستە ئەمە لەگەڵ (مایگرەنت هێڵپ) یارمەتی کۆچبەرانیش بوروژێنرێت.

ئەگەر تۆ لەسەر پشتگیری بەشی سێکشن ٤ بیت، پێویستە فۆڕمی HC1 پڕبکرێتەوە. دەتوانرێت ئەمە لە ڕێگەی دەرمانخانە ناوخۆییەکان یان لە ڕێگەی ماڵپەڕی/NHS سەنتەری پەیوەندییەوە بەدەست بهێنرێت کە دەتوانیت داوای یارمەتی بکەیت بۆ پڕکردنەوەی فۆڕمی HC1 داواکاری پێشکەش بکە بە شێوەی ئۆنلاین لە nhsbsa.nhs.uk. ئەگەر پێویستت بە چارەسەری بەپەلە

یان دەرمانە، ئامۆژگارییەکانی NHSBSA ئەوەیە کە نیشانەی ڕاست بدەیت لە exemption لە پشتی هەر ڕەچەتەیەکدا ، و پەیوەندی بە هێڵی یارمەتی بکەیت ئەگەر دەرمانخانەکە ڕەتیکردەوە بەبێ بەڵگە دەرمانەکەت پێبدات.

# پشکنینی خانوو\ شوێنی نیشتەجێبوون

## شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی سەربەخۆ

**پشکنینی ماڵ و خانوو لەو شوێنی نیشتەجێبوونە سەرەتاییانەدا ئەنجام دەدرێت کە تۆ بەسەربەخۆ تێیدا دەژیت (شوێنی نیشتەجێبوون کە تەنها لایەن تۆ و خێزانەکەتی تێدایە) تەنها بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە شوێنی نیشتەجێبوونەکە گونجاو و سەلامەتە بۆ تۆ.** دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت پێویستە لانیکەم مانگی جارێک سەردانی شوێنی نیشتەجێبوونەکە بکات و بیپشکنێت بۆ دەستنیشانکردن و چاککردنی هەر کەموکورییەک.

بەلایەنی کەمەوە پێنج ڕۆژ پێشتر ئاگادارت دەکەنەوە لە بەروار و کاتی پشکنینەکە بۆ ئەوەی بتوانیت لە ماڵەوە ئامادە بیت. دابینکەرەکە هەر پشکنینی ماڵەکە دەکات تەنانەت ئەگەر تۆش لەوێ نەبیت.

## لە کاتی پشکنیندا چی ڕوودەدات؟

پێویستە پشکنەر هەمیشە لە دەرگا بدات و چاوەڕێی وەڵامەکەت بکات. نابێت بەبێ چاوەڕوانی تۆ خۆیان دەرگاکە بکەنەوە. وە کاتێک تۆ لە ژوورەکەتدا بیت نابێت ئەوان کلیلی خۆیان بەکاربهێنن. باسی ماڵەکەت لەگەڵ دەکەن و پشکنین بۆ هەر کێشەیەك دەکەن هەبێت لە ماڵەکەتدا. ئەگەر هەر کێشەیەك دۆزرایەوە، ئەوا ڕاپۆرت دەکرێت بۆ بەشی چاککردنەوە. هەر کێشەیەك کە ڕەنگە بۆ پشکنەرەکە ڕوون نەبێت، پێویستە ئاماژەی پێبدرێت.
نە دابینکەران، نە ستافی وەزارەتی ناوخۆ، مافی ئەوەیان هەیە کە کەلوپەلی کەسی -شەخسی تۆ بگەڕێن.
بەڵام ئەگەر ماڵەکەت بەجێبهێڵیت و شتە کەسییەکانی خۆت بەجێبهێڵیت، ئەو کاتە شتەکانت لەلایەن دابینکەرەکەتەوە دەخرێنە کیسە و دەخرێنە ناو کۆگا - مەخزەنێك بۆ ماوەیەکی کورت خایەن بۆ ماوەی ٢٨ ڕۆژ و ئەگەر لەو ماوەیەدا نەیانبەیت، ئەوا فڕێ دەدرێن.



## کێ پشکنینەکە ئەنجام دەدات؟

پشکنینی ماڵەکان لەلایەن دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەتەوە لانیکەم مانگانە ئەنجام دەدرێت. هەروەها کەسێک لە وەزارەتی ناوخۆ یان ئەنجومەنی ناوخۆیی (شارەوانی) بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت ستاندارده پێویستەکانی بۆ بەدی هێناویت لەوانەیە پشکنینێک ئەنجام بدات.

## ئەی ئەگەر من لە هۆتێل/ شوێنی نیشتەجێبوونی IA نیشتەجێ بم؟

شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی چەندین جۆری هەیە، لەوانە شوێنی نیشتەجێبوونی خزمەتگوزاری، هۆتێل و هۆستێل. ئەم شوێنانە هەر ٦ مانگ جارێک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە پشکنینیان بۆ دەکرێت.

## چۆن کێشەیەك ڕاپۆرت بکەم؟

کەموکوڕیەکانی ماڵ و شوێنی نیشتەجێ بوون پێویستە ڕاپۆرت بکرێت بۆ (مایگرەنت هێڵپ) یارمەتی کۆچبەران بۆ ئەوەی بتوانرێت تۆمار بکرێت و چاک بکرێت. دابینکەرانی شوێنی نیشتەجێبوون کاردەکەن بۆ چاککردنی هەڵەکان لە ماوەی دیاریکراودا (بڕوانە ”Repairs and maintenance“ "چاکردنەوە ").
ئەگەر کێشەیەك کاریگەری لەسەرت هەبوو، دەبێت ڕاپۆرتی بکەیت ، نابێت چاوەڕێ بکەیت تا پشکنینی بەرنامە بۆ دارێژراو ئەنجام دەدرێت بۆ ڕاپۆرتکردنی.

# دەسترِاگەیشتن بە شوێنی نیشتەجێبوون

دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت کۆپیەکی کلیلەکەت یا کلیلی تێپەڕی ماڵەکەتی هەڵگرتووە کە بە شێوەیەکی پارێزراو هەڵگیراوە. بەگشتی، ڕۆشتن بۆ ماڵەکەت بۆ مەبەستی چاککردنەوە و پشکنینەکان لەکاتێکدا کە تۆ ئامادە بیت ئەنجام دەدرێت.




ئەگەر کارێکی بنەڕەتی پێویست هەبوو کە لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجام بدرێت، دابینکەرەکەت پەیوەندیت پێوە دەکات بۆ ئەوەی پێت بڵێت کەی دێنە ماڵەکەت. ئەگەر لەو کاتەدا نەتوانیت لەماڵەوە بیت، دابینکەر دەتوانێت کلیلەکەی بەکاربهێنێت بۆ چوونە ناو ماڵەکەت.

ئەگەر تۆ نەتوانیت لە کاتی مەوعیدەکەدا لەوێ بیت ، بە هەر حاڵ، دابینکەرەکە بە بەکارهێنانی ئەو کۆپی کلیلەی کە لایەتی لەوانەیە دەستی بگات بە ماڵەکەت.

میوان - سەردانکەر ڕێگەیان پێدراوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییی، بەڵام تکایە ستافی پێشوازی شوێنی نیشتەجێبوونەکەتان لە بەروار و کاتی هاتنی سەردانکەرانت ئاگادار بکەرەوە بۆ ئەوەی میوانەکانت بتوانن بەئاسانی بچنە ناو شوێنەکە . هەروەها تکایە ئاگاداربن کە سەردانکەران بۆیان نییە شەو لەو شوێنەدا بمێننەوە.

# چاککردنەوە تەصلیحات




دابینکەرانی شوێنی نیشتەجێبوون کاردەکەن بۆ چاککردنی هەر کەموکورییەک لە ماوەی دیاریکراودا بەپێی جۆری کێشەکە. خشتەکەی خوارەوە پۆلێنبەندییە جیاوازەکانی کەموکوڕیەکان و کاتەکانی وەڵامدانەوە و هەندێک نموونەی کێشەکان ڕوون دەکاتەوە. ئەگەر تۆ دڵنیا نیت لە پۆلێنکردنی چاککردنەوە، یان ئەگەر کێشەی ڕاپۆرتکراو لە چوارچێوەی ئەو کاتەی دیاریکراوە چارەسەر نەکرا، پێویستە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەران (مایگرەنت هێڵ)ەوە بکەیت.

| پۆلێنکردنی چاککردنەوە | واتاکان | ماوەی وەڵام دانەوە | نموونەی کێشەکان |
| --- | --- | --- | --- |

| | | | |
|---|---|---|---|
| **پۆلێنکردن- پۆلی ١** | کێشەیەك، کوموکوڕیەك کە مەترسی لەسەر تەندروستی، سەلامەتی، یان ئاسایشت هەیە، یان ئەگەری هەیە ببێتە هۆی لە کارخستن یان لەدەستدانی خزمەتگوزارییەکی سەرەکی شوێنی نیشتەجێبوونەکە | ئاسانکاری پەیوەندیکردن ٢٤/٧ بەردەستە بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێت بە لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان (یان بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی کاتیی - بەدیلت بۆ دابین بکرێت) لە ماوەی ٤ کاتژمێردا لە ئاگاداربوونی دابینکەر لە کێشەی چاککردنەوەکە | • دزەکردنی غاز<br>• لافاو<br>• ناسەقامگیری پێکهاتەیی<br>• ئاوی سەرەکی دابین ناکرێت<br>زیانەکانی ئاگر |
| **پۆلێنکردن پۆلی ٢** | عەیبێک کە ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەندروستی، سەلامەتی، یان ئاسایشت هەبێت یان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ماڵەکەت یان کوالیتی ژیانت هەبێت | **٢٤ کاتژمێر بۆ ئەوەی سەلامەت بێت، پێنج ڕۆژی کارکردن** بۆ ئەنجامدانی چاککردنەوەی هەمیشەیی. ئەگەر دابینکەر نەتوانێت لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا وابکات شوێنی نیشتەجێبوونەکەت سەلامەت بێت، دەبێت شوێنی نیشتەجێبوونی بەدیل و کاتیت بۆ دابین بکرێت | • نەبوونی ئاوی گەرم<br>• گەرمکەرەوە کارناکات<br>• کارەبا نیە<br>• هیچ زەنگی ئاگادارکردنەوەی دوکەڵ یان ئاگرکەوتنەوە لە کاردا نییە<br>• هەبوونی ئافاتەکان (حەشەرات و زیندەوەرە مەترسیدارەکان) کە دەبنە مەترسی جددی بۆ سەر تەندروستی و سەلامەتی |
| **پۆلێنکردن پۆلی ٣** | کەموکوڕییەک کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاسوودەیی و ئاسانکاریت هەبێت یان ئەگەری هەیە ببێتە هۆی زیانگەیاندنی زیاتر بە موڵکەکە ئەگەر چارەسەر نەکرێت | **٢١ ڕۆژی کارکردن** | • لێبوونەوەو (هەڵدانی) بۆیاخ<br>• نیشانە بەرچاوەکانی شێداری و کەڕوو<br>• کاشی دیوار و کاشی ئەرزی بە شێوەیەکی بەرچاو تێکچوون<br>• • ئافاتەکانی تری زیندەوەرەکان |

# زانیاری زیاتر سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوون



## سەلامەتیی ئاگر

هەموو ئەو شوێنانەی کە لەلایەن دابینکەرانمانەوە بەکاردەهێنرێن دەبێت زەنگی دوکەڵی تێدابێت. ئەگەر ئاگر لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەدا ڕووبدات، دوکەڵەکە زەنگی ئاگادارکردنەوەکە دەکاتەوە و دەنگێکی بەرزی بەردەوامی 'بیپ' دروست دەکات.

هەر کاتێك زانیتان ئاگر کەوتوتەوە، پێویستە تۆ و خێزانەکەت:

- دەست بنێن بە نزیکترین زەنگی ئاگر کەوتنەوەداو چالاکی بکەن
- دەستبەجێ شوێنەکە بەجێبهێڵن بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە لەلایەن شوێنەکەوە دانراون و بچنە خاڵی کۆبوونەوەی دیاریکراو
- مەوەستن بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلە کەسیەکانتان
- لە نزیکترین دەرچەی سەلامەتی بیناکەوە بڕۆنە دەرەوە
- پەیوەندی بە خزمەتگوزاری ئاگرکوژێنەوە و فریاکەوتنەوە بکەن بە ژمارە ۹۹۹ وە دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەتان ئاگادار بکەرەوە

پاتری زەنگی دوکەڵەکە دەرمەهێنن، دای مەپۆشن یان دەستکاری مەکەن چونکە ئەمە دەتوانێت ژیان بخاتە مەترسییەوە. تکایە بە زووترین کات ئەندامێکی ستافەکە ئاگادار بکەنەوە ئەگەر هەر کێشەیەکی ئاشکراتان لە زەنگی ئاگرکەوتنەوەدا بینی.
ئەگەر تۆ لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی خۆتدا دەژیت، ئەوا ئامێری دۆزەرەوەی دوکەڵەکەت هەموو مانگێک تاقی دەکرێتەوە کاتێک پشکنین بۆ ماڵەکەت دەکرێت. ئەگەر زەنگەکە دەستی کرد بە دروستکردنی دەنگێکی پچرپچری 'بیپ'، ئەمە بەو مانایەیە کە پاترییەکە پێویستە بگۆردرێت. پەیوەندی بە (مایگرەنت هێلپ) یارمەتی کۆچبەرەوە بکە و داوای گۆڕینی پاتری بکە .

## خاوێنکردنەوە

گرنگە شوێنی نیشتەجێبوون پاک و خاوێنی و ڕێک و پێک بێت. هەندێک جۆری شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی (وەک هۆتێل و هۆستێل) هەفتانە خزمەتگوزاری پاککردنەوەی شوێنی نووستن و شوێنە کۆمەڵایەتییەکان دابین دەکەن؛ هەرچەندە پاراستنی پاکوخاوێنی دەوروبەرەکەت لەو نێوانەدا (تا ئەوان دێنەوە هەفتەی داهاتوو) بەرپرسیارێتی تۆیە. ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوون بە پاکی نەهێڵرێتەوە، لەوانەیە ببنە هۆی ڕاکێشانی زیندەوەرەکان بەرەو شوێنەکە ، ئەمەش سەلامەتی خەڵک دەخاتە مەترسییەوە. تۆ بەرپرسیاریت لە پاراستنی ستاندارەکانی پاکوخاوێنی لەناو شوێنی نیشتەجێبوونی خۆتدا.



ئەگەر تۆ لە هۆستێل یان لەو شوێنی نیشتەجێبوونانەدا دەژیت کە خۆت خواردن دروست دەکەیت، دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بەرپرسیارە لە پاککردنەوەی شوێنە کۆمەڵایەتییەکان (گشتیەکان) بە بەردەوامی، هەرچەندە تۆ و دانیشتوانی دیکە پێویستە هەردەم چاودێری ئەم ناوچانە بکەن.

دەستڕاگەیشتن بە کەرەستەی پاککەرەوە و کەلوپەلی بەکارهێنراوی گونجاو بۆ شوێنە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانە، بەڵام سنووردار نەکراوە بە سپیکەرەوە(فاس)، زەوی پاککەرەوە ، شامپۆی قاپ شۆردن و پاککەرەوەی شوێنی کارکردن، بۆ هاوکاری کردنت بۆ ئەم مەبەستە دابین دەکرێت.

## کۆکردنەوەی سەبەتەکان (ئەو شوێنی نیشتەجێبوونانەی کە خۆیان خواردنی تێدا دروست دەکەن)




زبڵ و خاشاک پێویستە بخرێتە ناو سەبەتەی پاشماوەی گشتی یان سەبەتەی ڕیسایکلکردنی دروست. ئەنجومەنی ناوخۆیی (شارەوانی) بە بەردەوامی ئەمانە بەتاڵ دەکاتەوە، بۆیە دڵنیابە لەوەی کە تەنەکەی خۆڵەکەت لە ڕۆژە گونجاوەکەدا دەخەیتە دەرەوە بۆ ئەوەی بۆت بەتاڵ بکەنەوە.
فڕێدانی پاشماوە لەسەر شەقامەکان یان لە شوێنە گشتیەکانی تردا نایاساییە. ئەمەش بە فلای-تیپ ناسراوە. ئەگەر تاوانبار ببیت بە فلای-تیپ، دەکرێت غەرامە بکرێیت یان زیندانی بکرێیت.

## گەشتکردن

هەموو بەکارهێنەرانی خزمەتگوزاری کە پشتگیری بەشی سێکشن ٩٨ وبەشی سێکشن ٤ وەردەگرن مافی یارمەتی گەشتکردنیان هەیە لە ڕێگەی ڕێکخستنی هۆکاری گواستنەوەوە بۆیان، دەستڕاگەیشتن بە بلیتی گواستنەوەی گشتی یان یەکجار پارەدان بۆ دابینکردنی تێچووی گەشتکردن لە هەندێک بارودۆخدا. ئەمانە دەتوانن بریتی بن لە گەشت کردن بۆ:

- نووسینگەی تۆماری لەدایکبوون ومردن بۆ تۆمارکردنی لەدایکبوونی منداڵ یان مردنی کەسێکی خزم.
- چاوپێکەوتنی پزیشک، پزیشکی ددان، یان نەخۆشخانە؛ و/یان
- چاوپێکەوتنی پێش منداڵبوون یان دوای منداڵبوون.



تێچووی گەشتکردن بۆ ئەو کەسانەی پشتگیری بەشی سێکشن ٩٥ وەردەگرن لە ئاستی پشتگیری داراییدا دیانگرێتەوە ، بۆیە هاوکاری زیاتر وەک ئەوانەی سەرەوەیان پێشکەش ناکرێت.

## پۆست



پۆستەکەت بۆ تۆ کەسییە. دەستوەردان لە پۆستی کەسێکی تردا بە تاوان ئەژمار دەکرێت. ئەگەر پۆستێکت وەرگرت کە ناونیشانی کەسێکی تری لەسەر بوو کە لە و ماڵەدا ناژی، تکایە بیدە بە ئەفسەری نیشتەجێ کردنەکەت.
زۆربەی پەیوەندیەکانی وەزارەتی ناوخۆ لە ڕێگەی پۆستەوە دەبێت، بۆیە گرنگە بەردەوام پرسیار لە ستافی پێشوازی هۆتێلیکە بکەیت، یان سندوقی پۆستەکەت بپشکنیت ئەگەر لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەربەخۆدایت و وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکەیتەوە لە هەر گۆڕانکارییەکی ناونیشانەکەت.

## گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێبوون و داواکاری گواستنەوە

لەوانەیە ناوبەناو داوات لێ بکرێت شوێنی نیشتەجێبوون بگوازیتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ بگوازرێیتەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی بڵاوبوونەوە (شوێنی نیشتەجێبوونی کاتی درێژخایەنتر). خاوەنی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بیەوێت شوێنی نیشتەجێبوونەکەی بۆ بگەڕێنێتەوە (بۆی چۆڵ کەیت) یان ئەگەر نیگەرانیی لە دووری پابەندبوون بە مەرجە یاساییە تەندروستی و سەلامەتییەکان هەبێت، یان بۆ ئەوەی بتوانرێت شوێنی نیشتەجێبوونی بەکارهێنەرێکی خزمەتگوزاری خاوەن پێداویستی تایبەت لە ئاستی پێداویستیەکەیدا بۆ دابین بکرێت یان ئەگەر کاری چاککردنەوەی بەرچاو پێویست بێت بۆ ماڵەکە. وەزارەتی ناوخۆ و دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەت دڵنیا دەبن لەوەی کە لە هەر شوێنێک کە نیشتەجێ بن پێداویستییەکانتان بەردەوام دەبن لە دابینکردن ، لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی نیشتەجێبوون لەسەر بنەمای بێ هەڵبژاردن دابین دەکرێت، بۆیە هەمیشە ناتوانرێت دڵنیا بیت لەوەی کە لە هەمان ناوچەدا دەمێنیتەوە. ئەگەر پێویست بوو بگوازرێیتەوە، نامەیەکت بۆ دەنێردرێت کە پشتڕاستی دەکاتەوە ڕێکخستن بۆ گواستنەوەت دەکرێت. ئەمە لە ڕێگەی ئەو ئیمەیڵەوە بۆت دەنێردرێت کە لە فایلدا هەڵگیراوە ، یان بە پۆستدا بۆت دەنێرن. وەک یاسایەکی گشتی، دابینکەر لە هەر شوێنێک کە بتوانرێت پێنج ڕۆژ پێشتر ئاگادارت دەکاتەوە، بەڵام ڕەنگە ئەمە هەمیشە لەو کاتانەدا کە پێویستە گواستنەوەکە لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجام بدرێت وا نابێت (بۆ نموونە، کاتێک شوێنی نیشتەجێبوونی بڵاوبوونەوە بەردەست دەبێت بۆت یان ئەو کاتانەی کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستاتدا کێشەی تەندروستی و سەلامەتی دەرکەوتوون).

هەرچەندە پێشوەختە ناونیشانی تەواوت پێنادرێت کە بۆ کوێ دەچیت، بەڵام ئاگادار دەکرێیتەوە لە شوێنەکە (بۆ نموونە، ناوی شارۆچکە یان شار) مەکەت پێدەڵێن و دابینکەر گواستنەوەت بۆ ڕێکدەخات بۆ ئەوەی بتباتە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت. هەر کەسێك دەتوانێت **دوو پارچە جانتای پێ بێت،** جگە لە یارییەکانی منداڵان و پێداویستیەکانی تر، شتومەکی چاودێری منداڵ، ئامێری پزیشکی، عەرەبانەی منداڵان و پێداویستیەکانی یارمەتی کەمئەندامان بەپێی پێویست.

بەڵام، وەزارەتی ناوخۆ دەبێت داواکارییەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون لە شوێنێکی دیاریکراودا لەبەرچاو بگرێت – ڕێنماییەکان سەبارەت بە تەرخانکردنی شوێنی نیشتەجێبوون دەتوانرێت لێرەدا بدۆزرێتەوە: [Asylum accommodation requests: caseworker guidance - GOV.UK (www.gov.uk).](https://www.gov.uk)
ئەگەر هەست دەکەیت کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستات یان شوێنی پێشنیارکراو بۆ تۆ گونجاو نییە یان پێداویستییە تاکە کەسییەکانت دابین ناکات، تکایە بەڵگەی پشتگیری پێشکەش بە یارمەتی کۆچبەران (مایگرەنت هێڵپ) بکە، کە ئەمە لەگەڵ هۆم ئۆفیس دا هاوبەش دەکات بۆ ئەوەی لەبەر چاو بگیرێت. بەڵام لەو شوێنانەی کە هیچ سنووردارکردنێکی ڕێککەوتوو لە ئارادا نییە، چاوەڕوان دەکرێت ئۆفەری شوێنی نیشتەجێبوونەکە وەکو ئەوەی پێشکەش دەکرێت، وەربگریت.




# بەشی پێنجەم

## پارەو پشتگیری دارایی

ئەگەر تۆ لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییدایت، پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانت لەلایەن دابینکەری شوێنی نیشتەجێبوونەکەتەوە لە ڕێگەی دابینکردنی ژەمەکانی خواردنەوە دابین دەکرێن، لەگەڵ دەستڕاگەیشتن بە شتومەکی دیکە بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان (وەک کەلوپەلی خاوێن کردنەوە، پاککردنەوە، یان پێداویستیەکانی پاکوخاوێنی ژنان). ئەگەر پشتگیری بەشی سێکشن ٩٥/بەشی سێکشن ٤ وەردەگریت، ئەگەر هێشتا لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتاییدا دەژیت لەکاتێکدا چاوەڕێی گواستنەوە دەکەیت، هەفتانە پارەی پێش گواستنەوەت بە بڕی ٩.٥٨ پاوەند لە هەفتەیەکدا وەردەگریت (بە دروستی لە مانگی ئابی ٢٠٢٣) وە تاوەکو ئەو شوێنی نیشتەجێبوونەت بۆ دابین دەکرێت کە خۆت خواردن ئامادە دەکەیت. هەرکاتێك پشتگیری بەشی سێکشن ٩٥ت پێ بەخشرا کارتی ئاسپینت پێدەدرێت ، و ئەمەش بۆت پۆست دەکرێت بۆ ناونیشانەکەت. ئەگەر تۆ کارتەکەت بە دەست نەگەشت دوای وەرگرتنی نامەی بەخشینی بەشی سێکشن ٩٥، تکایە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکە بۆ ئاگادارکردنەوەیان، بەڵام تکایە دڵنیابە کە بەبێ گوێدانە ئەوە، ئەو هاوکاری داراییەی کە مافی تۆیە، دەخرێتە سەر کارتەکە و ئامادەیە بۆ ئەو کاتەی کە کارتەکە دەگاتە دەستت. پێویستە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەیت ئەگەر هەر کێشەیەک یان پرسیارێکت هەیە سەبارەت بە ئاستی پشتگیری دارایی خۆت، یان ئەگەر دووای دەرچوونی کارتی ئاسپینەکەت وون کرد یا لەدەستدا. کارتی ئاسپینەکەت چیپ و پین بەکاردەهێنێت و لەو وێنەی خوارەوە دەچێت.

کاتێک کە تۆ دەگوازنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی بڵاوە پێکردن، ڕێژەی هاوکاریە داراییەکەت بەرز دەبێتەوە بۆ ٤٧.٣٩ پاوەند لە هەفتەیەکدا (بە دروستی لە مانگی ئابی ٢٠٢٣)وە، بۆ ئەوەی بتوانیت خەرجییە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆت دابین بکەیت، لەگەڵ خەرجییەکانی هەر ئەندامێکی خێزانەکەت کە وابەستەن بە تۆوە. لەسەر پشتگیری بەشی سێکشن ٩٥، تۆ لە ڕێگەی ‘کارتی ئاسپێن’ەوە پارەکانت بە دەست دەگات بۆ ئەوەی بتوانیت خۆراک و شتومەکی تر بکڕیت بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانت. بە هەمان شێوە، ئەگەر تۆ لە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی خۆتدا نیشتەجێیت ئەوەی کە خۆت خواردن ئامادە دەکەیت، ڕێژەیەکی زیاتری هاوکاری دارایی وەردەگریت بۆ ئەوەی بتوانیت تێچووی کڕینی خۆراکی خۆت دابین بکەیت.

### زانیاری دەربارەی کارتی ئاسپینەکەت




- کارتی بانکیی نییە و هەژماری بانکی دروست ناکات. تەنها وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێت پارە بخاتە سەر کارتەکەت، بۆیە ناتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ وەرگرتنی پارە لە کەسانی تر .
- وەزارەتی ناوخۆ ئاگادارت دەکاتەوە لە بڕی ئەو پشتگیرییە داراییەی کە مافی وەرگرتنیت هەیە، و ئەمەش هەموو هەفتەیەک بۆت دێتە سەر کارتەکەت. باڵانسەکەت هەفتەیەک بۆ هەفتەیەکی تر دەخایەنێت.




- تەنها دەتوانیت ئەو پارەیە خەرج بکەیت کە لەبەردەستدایە لەسەر کارتەکە. پێویستە پێش کڕینی شتەکان بزانیت ئایا پارەی پێویستت لەبەردەستدایە، ئەگینا ڕەنگە پارەدانەکە ڕەت بکرێتەوە .
- کارتەکە تەنها ئەو کەسە بەکاری بهێنێت کە PIN ی بۆ دیاری کراوە. پارێزگاری کردن لە بەسەلامەتی هێشتنەوەی کارتەکە بەرپرسیارێتی تۆیە. ئەگەر خێزانەکەت پشتگیری وەردەگرێت، ئەوا داواکاری سەرەکی (ئەو کەسەی کە داوای پشتگیری کردووە) لە بری هەموو خێزانەکە کارتی ئاسپینەکە هەڵدەگرێت.

- بۆ پاراستن لە ساختەکاری و بۆ یارمەتیدانی پاراستنی بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانمان وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێت پێداچوونەوە بە بەکارهێنانی کارتەکەدا بکات.
- بەرواری بەسەرچوونی کارتەکە بەو مانایە نییە کە لەو بەروارەوە ئیترپشتگیرییەکە کۆتایی دێت. ئەگەر کاتێک کارتەکە بەسەر دەچێت تۆ هێشتا پشتگیری دارایی وەردەگریت ئەوا بۆت نوێ دەکرێتەوە.
- ناتوانیت پارەی شت کڕین بدەیت بە شێوازی بێ بەرکەوتن، بە تەلەفۆن یان بە ئینتەرنێت پارە بدەیت یان کارتەکەت لە دەرەوەی وڵات بەکاربهێنیت.
- لەوانەیە تۆ سنووردار بکرێیت لە بەکارهێنانی کارتەکەت بۆ کڕینی هەندێک کاڵا و خزمەتگوزاری. بۆ نموونە ناتوانیت کارتەکەت بۆ گەشتەکانی پاس/شەمەندەفەر بەکاربهێنیت. تکایە پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەن ئەگەر پێویستت بە ئامۆژگاری هەیە سەبارەت بە پارەدانی زیادە بۆ ئەوەی بگەیتە دابینکەری چاوەدێری تەندروستی.

## دەتوانیت کارتی ئاسپینەکەت بەکاربهێنیت بۆ:

- پارە بدەیت بۆ مامەڵەی تاکەکەسی لە زۆربەی ئەو دوکانانەی کە لۆگۆی ماستەرکارتیان لەسەرە، تا بەهای باڵانسی بەردەستت (ئەوەندەی باڵانسی کارتەکەت، ئەوەندەی کە پارەی تێدایە)
- پشکنینی ئەو باڵانسەت کە ماوە لە ئامێری ATM کە پێشی دەوترێت ئامێری پارەدان (کاش مەشین)
- ڕاکێشانی پارەی کاش لە ئامێری پارەدان (کاش مەشین)، تا بەهای ٢٠٠ پاوەند بەڵام ئاگاداربە چونکە هەندێک لەو ئامێری پارەدانانە پارە وەردەگرن بۆ دەرکردنی پارە
- وەرگرتنەوەی پارەی کاش (ناسراوە بە کاش باك) کاتێک شتێک لە دوکانە بەشداربووەکانی ماستەرکارت دەکڕیت

**بەڵام ئەگەر مافی پەنابەریەکەت ڕەتکراوەتەوە و لەسەر پشتگیری بەشی سێکشن ٤ بیت، ناتوانیت پارەی کاش لە ئامێرێک وەربگریت یان کاش باک لە دوکانەکان وەربگریت.**

بە زووترین کات پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣ ئەگەر:

- ئەو پارەیەی کە چاوەڕێی دەکەیت وەرت نەگرتووە، یان بڕە پارەیەکی هەڵەت وەرگرتووە
- کارتەکەت ون بووە، تێک چووە، یان دزراوە (بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو کارتەو وەرگرتنی کارتێکی نوێ)

## پارەی زیادە

**ئەگەر پێت وایە ڕەنگە شایستەی وەرگرتنی هەر پارەیەکی زیادە بیت، پەیوەندی بە یارمەتی کۆچبەرانەوە بکە بە ژمارە تەلەفۆنی** ٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣ ئەو زانیارییانەی خوارەوە هەندێک لەو حاڵەتانە ڕوون دەکەنەوە کە لەوانەیە تۆ شایستەی وەرگرتنی بیت:

## دووگیانی

- ئەگەر تۆ دووگیانیت و بەپێی بەشی سێکشن ٩٥ یان ٩٨ی یاسای کۆچبەری و پەنابەری ساڵی ١٩٩٩ پشتگیریت لێدەکرێت، لەوانەیە شایستەی وەرگرتنی ٣٠٠ پاوەند بیت بۆ یەك جار بۆ یارمەتیدانت لەو تێچوونانەی کە لە لەدایکبوونی منداڵێکی نوێدا سەرهەڵدەدەن. ئەگەر بەپێی بەشی سێکشن ٤ پشتگیریت دەکرێیت ئەم پارەیە

دەبێتە بڕی ۲٥٠ پاوەند بۆ تەنها بۆ یەکجارە.

- پێویستە بە نووسراو داوای ئەم یارمەتییە بکەیت لە نێوان ٨ هەفتە پێش ئەوەی منداڵەکەت لە دایك بێت و ٦ هەفتە دوای لەدایکبوون. بۆ ئەوەی پێش لەدایکبوونی منداڵەکەت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستە بەڵگەی پزیشکی فەرمی سەبارەت بە بەرواری خەمڵێنراوی منداڵبوونت وەک بروانامەی ئەسڵی MATB1 یان بەڵگەی پزیشکی تری دووگیانیەکەت پیشانی یارمەتی کۆچبەران بدەیت.

- هەروەها دەتوانیت داواکاری پێشکەش بکەیت ئەگەر منداڵەکەت لە دەرەوەی بەریتانیا لەدایک بووبێت، منداڵەکەت تەمەنی لە ۳ مانگ کەمتر بێت یان لە هەر حاڵەتێکی نائاسایی تردا. پێویستە بەڵگەی باوەڕپێکراو لەسەر تەمەنی منداڵەکەت پیشان بدەیت، بە ئاسایی دەتوانیت بەڵگەنامەی لەدایکبوونی درێژخایەنی ئەسڵی کۆرپەکەت بۆ ئەم مەبەستە بەکار بهێنیت.

- هەروەها لەکاتێکدا لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆتیت، مافی ئەوەت هەیە لە ماوەی دووگیانیدا هەفتانە ۳ پاوەندی زیادە وەربگریت. ئەمەش بە پارەی دووگیانی ناسراوە، و بۆ کڕینی خۆراکی تەندروست و خۆراکی زیادە دابینکراوە.


- • دەتوانرێت لە ڕێگەی یارمەتی کۆچبەرانەوە بە نووسراو داوای پارەی دووگیانی بکرێت لە هەر کاتێکدا پێش لەدایکبوونی منداڵەکە. پێویستە بەڵگەی پزیشکی کە دووگیانی پشتڕاست دەکاتەوە وەک بروانامەی ئەسڵی MATB1 یان نامەیەک لە مامانێکی کۆمەڵایەتی یان نامەیەک لە جی پی - پزیشکی گشتیەوە پێشکەش بکەیت.

- کاتێک کۆرپەکەت لەدایک بوو دەتوانیت داوای پێنج پاوەندی زیاتر بکەیت لە هەفتەیەکدا لەسەرووی پارە ئاساییەکانتەوە، تا یەکەم ساڵ ڕۆژی لەدایکبوونی، وە هەروەها ۳ پاوەند بۆ هەر منداڵێکی تر کە تەمەنی لە تەمەنی یەك بۆ ۳ ساڵیدایە ئەگەر لە شوێنی نیشتەجێ بوونی سەربەخۆی خۆتان یا ئەو شوێنانە بن کە خۆتان خواردن بۆ خۆتان ئامادە دەکەن. بۆ ئەم مەبەستە بۆ ئەوەی ئەو هاوکاریە دارایيەتان پێ ببەخشرێت پێویستە بڕوانامەی لەدایکبوونی درێژخایەنی ئەسڵی بەڵگەی پزیشکی کە لەدایکبوونی منداڵەکەت پشتڕاست بکاتەوە و لە ماوەی ٦ هەفتە لە دوای لەدایکبوونی منداڵەکەوە دابین بکەن. پێویستە لە ڕێگەی بارودۆخی ناوازەی یارمەتی کۆچبەرانەوە داواکاری پێشکەش بکەیت.

- ئەوانەی کە پشتگیری بەشی سێکشن ٤ وەردەگرن، هەفتانە ۳ پاوەندیان هەیە بۆ ئەو ماوەیەی کە دووگیانیەکە بەردەوامە.

- ئەگەر تۆ بارودۆخێکی ناوازە - ائاساییت هەیە کە تێچووی بەرچاوت بۆ دروست دەکات کە زیاترە لەوەی ئاستی پشتگیری ستاندارد دەیگرێتەوە، لەوانەیە تۆ شایستەی پارەی زیادە بیت (ئەمە بە پارەدانی بەشی سێکشن ٩٦ ناسراوە). بۆ نموونە ئەگەر پێویست بکات مەودای دوور ببریت بۆ چاوپێکەوتنی پزیشکی (پێویستە پێش ڕۆشتنت بۆ مەوعیدەکە داوای خەرجی ڕێگاکە بکەیت) یان حاڵەتێکی پزیشکیت هەبێت کە پێویستیت بە ڕژێمێکی خواردنی تایبەت هەیە. لەو حاڵەتانەدا تکایە پەیوەندی بکەن بە یارمەتی کۆچبەران و فۆڕمی داواکاری ASF2 application form پڕبکەنەوە.





# بەشی ٦

## بەردەوام بوون لە دوای بڕیاری داوای پەنابەری

کاتێک داواکاری مافی پەنابەریەکەت (لەوانەش هەر تانەدانێک) بڕیاری لەسەر درا، ئیتر بەزۆری مافی پشتیوانی وەزارەتی ناوخۆت نامێنێت. ئەگەر ئەمە ڕوویدا، ئاگاداریی ئەوەت پێدەدرێت کە پشتگیریە داراییەکەت دەوستێت و دەبێت شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بەجێ بهێڵێت (شوێنی نیشتەجێبوونی سەرەتایی یان شوێنی بڵاوبوونەوە).

ئیتر ئەوەی پێویستە لە داهاتوودا بیکەیت بەندە بەوەوە کە ئایا داواکارییەکەت بۆ پەنابەری سەرکەوتوو بووە یان نا. یارمەتی کۆچبەران بەزوویی دوای وەرگرتنی بڕیارەکەت پەیوەندیت پێوە دەکات و ئامۆژگاریت دەکات سەبارەت بە هەنگاوەکانی داهاتووت. هەروەها دەشتوانن پەیوەندی بە تیمی بێ ماڵ و حاڵ (لانەوازان)ی دەسەڵاتی ناوخۆیی خۆتانەوە بکەن بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری زیاتر.

هەر کاتێک بڕیارەکەت وەرگرت، ئەگەر مۆڵەتی مانەوەت پێدرابێت(LTR) ئیتر ٢٨ڕۆژت بەدەستەوە دەبێت بۆ چۆڵ کردنی شوێنی نیشتەجێبوونەکەت ، وە ٢١ ڕۆژت بەدەستەوە دەبێت ئەگەر بڕیارێکی نەرێنیت بۆ هاتبێتەوە. پێش ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونەکە بەجێبهێڵیت، تکایە دڵنیابە لەوەی کە هەموو کەلوپەلە تایبەتەکانی خۆتت کۆکردۆتەوە، وە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بە پاک و خاوێنی و ڕێک و پێکی بەجێ دەهێڵیت و هیچ کەلوپەلێکی کەسی خۆت لەدوای خۆت بەجێ ناهێڵیت. دووای ڕۆشتنت هەر شتێک کە مابێتەوە لە شوێنەکەت بۆ ماوەی ٢٨ ڕۆژ لە کۆگا (مەخزەن)دا دەهێڵرێتەوە پێش ئەوەی فڕێ بدرێت.

### وەڵامی سەرکەوتوو (وەرگرتنی مافی مانەوە)

ئەگەر مۆڵەتت پێدرا بۆ مانەوە لە بەریتانیا – هەر یەك لە مۆڵەتەکانی مانەوەی دۆخی پەنابەری، مۆڵەتی ئیختیاری، یان پاراستنی مرۆیی - ئەوا تۆ شایستەی کارکردن دەبیت، واتە مافی کار کردنت دەبێت لە بەریتانیا، وە مافی داوای یارمەتییە سەرەکییەکانت هەیە، هەروەها مافی گەڕانت هەیە بەدوای خانووبەرەی تایبەتدا (خانووی پرایڤەت بۆ کرێ) (هەرچەندە لەوانەیە تۆ شایستەی پشتگیری خانووبەرە بیت لە شارەوانیەوە) وە مافی وەرگرتنی یارمەتی بۆ هەر یەك لەمانە بە هەمان شێوەی هەریەك لە دانیشتوانی تری بەریتانیا. مۆڵەتی نیشتەجێبوونی بایۆمەتری وەردەگریت، کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ ئەوەی نیشانیان بدەیت کە تۆ شایستەیت هەیە بۆ وەرگرتنی ئەو مافانە.

لە دووای ٢٨ ڕۆژ لە بەرواری مۆڵەتدانەکەت (وەرگرتنی مافی مانەوەت) مافی تۆ بۆ پاڵپشتی پەنابەری کۆتایی دێت (ڕێگە بە زیادکردنی دوو ڕۆژ زیاتریش دەدەن بۆ حساب کردن بۆ دواکەوتنی گەشتنی بڕیارەکە لە ڕێگەی خزمەتگوزاری پۆستەوە کە دەبێت بۆشایی بابەتی درەنگ گەشتنی بڕیارەکە داپۆشێت). نامەیەکت پێدەگات کە بەرواری دروستی کۆتایی هاتنی پشتگیری پەنابەریەکەت پشتڕاست دەکاتەوە. بە تایبەتی گرنگە کە هەر کە نامەکەت وەرگرت دەست بکەیت بە ڕێکخستنی هەنگاوەکانی داهاتووت، چونکە لەوانەیە کاتێکی زۆری پێ بچێت بۆ ئەوەی لە قۆناغی پشتیوانی پەنابەرییەوە بچیتە پێشەوە بۆ قۆناغی داهاتوو. وەزارەتی ناوخۆش ناتوانێت پشتگیرییەکانتان لە ماوەی ٢٨ ڕۆژ زیاتر درێژ بکاتەوە.

### بەدەستهێنانی کار یان داوای یارمەتی




پێویستە بەدوای دامەزراندن (دۆزینەوەی کار) بگەڕێیت یان داوای یارمەتیی بکەیت Jobcentre Plus فەرمانگەیەکی حکومەتە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانەدا دەکات. یارمەتی کۆچبەران (مایگرەنت هێڵپ) دەتوانێت پشتگیریت بکات لەم کارەدا و پەیوەندیت پێوە دەکات بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی یەکەم چاوپێکەوتنت لەگەڵ Jobcentre Plus بۆ ڕێك بخا، گرنگە بە زووترین کات ئەم کارە بکرێت.

## دۆزینەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی بەدیل

پێویستە شوێنی نیشتەجێبوون بۆ خۆت بدۆزیتەوە. ئەمە دەکرێت شوێنی نیشتەجێبوونی کرێ بێت (بە کرێی بگریت)، شوێنی نیشتەجێبوون لە شوێن کارەکەت، هۆستێل، فلات، یان خانووی هاوبەش کە خۆت هەڵی دەبژێریت. هەروەها یارمەتی کۆچبەران، بەشی نیشتەجێکردنی شارەوانی ناوخۆیی خۆت دەتوانێت ئامۆژگاری و یارمەتیت پێشکەش بکات. بەڵام تکایە ئاگاداربە کە ئەگەری زۆرە پێویستت بە دۆزینەوەی شوێنی (پرایڤەت) تایبەتی خۆت بێت و لەوانەیە تەنها چاوەڕێی ئەوە بکەیت کە لەلایەن دەسەڵاتی ناوخۆییەوە شوێنی نیشتەجێبوونت بۆ دابین بکرێت لە کاتێکا ئەگەر پێداویستی زیاترت هەبێت بۆ نموونە، ئەگەر بە تایبەتی لاواز (بار ناسك) بیت یان منداڵت هەبێت.

## کردنەوەی هەژماری بانکی

پێویستە ئەژمێری بانکی بکەیتەوە (ئەگەر پێشتر هەژمارت نییە) بۆ ئەوەی بتوانیت هەر پارەیەکی یارمەتییەکان وەربگریت و ئەگەر گونجاو بوو کرێی خانووەکەت لەوێوە بدەیت. بانکە جیاوازەکان داوای زانیاری جیاواز دەکەن بۆ کردنەوەی ئەکاونتی بانکی، بەڵام هەموویان پێویستیان بە بینینی بەڵگەی ناسنامەکەت دەبێت، وەک مۆڵەتی نیشتەجێبوونی بایۆمەتری.

## داوای سەرکەوتوو نەبوو (ڕەفز وەرگرتن)

ئەگەر منداڵت لە ماڵەکەتدا نەبێت (منداڵتان نەبێت) دوای ٢١ ڕۆژ مافی پاڵپشتی پەنابەریەکەت دەوەستێت. نامەیەکت پێدەگات کە وادەی دروست پێدەڵێت کە دەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوونەکەت بچیتە دەرەوە. هەروەها ئامۆژگاریت دەکات کە چۆن داوای پشتگیری زیاتر بکەیت ئەگەر هەنگاو دەنێیت بۆ جێهێشتنی بەریتانیا بەڵام باوەڕت بەوە نییە کە دەتوانیت لە ماوەی ٢١ ڕۆژدا بتوانیت بڕۆیت. ئەم جۆرە پشتگیرییە بە 'پشتیوانی بەشی سێکشن ٤ ناسراوە و لەوانەیە لە هەندێک بارودۆخی دیکەشدا بەردەست بێت، ئەمەت لەو نامەیەدا بۆ ڕوون دەکرێتەوە کە بۆت دەنێرن. هەروەها دەتوانیت ئامۆژگاری لە یارمەتی کۆچبەران وەربگریت سەبارەت بە پشتگیری سێکشن ٤.

ئەگەر تۆ منداڵی خوار تەمەنی ١٨ ساڵت لە ماڵەکەتدا هەبێت لەو کاتەی داواکارییەکەت و هەر تانەیەک کە لە بڕیارەکەت داوە ڕەت دەکرێتەوە (ڕەفز وەردەگریت)، ئەوا پاڵپشتی پەنابەریەکەت خۆکارانە- ئۆتۆماتیکی ناوەستێت.

ئەگەر داواکارییەکەت (لەوانەش هەر تانەیەک کە لە بڕیارەکەت داوە) ڕەتکرایەوە، لێت چاوەڕوان دەکرێت ڕێکخستن- ئامادەکاری بکەیت بۆ بە جێهێشتنی بەریتانیا. وەزارەتی ناوخۆ (هۆم ئۆفیس) خزمەتگوزاری گەڕانەوەی خۆبەخشانە پێشکەش دەکات، کە دەتوانێت یارمەتیت بدات لە ئەنجامدانی هەر ڕێکخستنێکی پێویست بۆ ئەم مەبەستە. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەمە دەتوانن سەردانی[www.gov.uk/return-home-voluntarily](http://www.gov.uk/return-home-voluntarily) بکەن یان پەیوەندی بکەن بە خزمەتگوزاری گەڕانەوەی خۆبەخشانە لە ڕێگای: ٠٣٠٠٠٠٤٠٢٠٢

هەر دوای وەرگرتنی بڕیارەکەت بە زوویی یارمەتی کۆچبەرانی بەریتانیا پەیوەندیت پێوە دەکات و ئامۆژگاریت دەکات سەبارەت بە هەنگاوەکانی داهاتوو تر، لەوانەش زانیاری و سوودەکانی خزمەتگوزاری گەڕانەوەی خۆبەخشانە.

ئەگەر پێویستت بە زانیاری زیاترە سەبارەت بە پرۆسەی داواکاری پەنابەری، خزمەتگوزارییە پاڵپشتییەکان کە لەبەردەستتدان بۆ تۆ یان زانیاری سەبارەت بە ماف و بەرپرسیارێتییەکان لەکاتێکدا کە هێشتا لە بەریتانیادایت، دەتوانیت ئەو شتانە لێرەدا بدۆزیتەوە: نامیلکەی زانیاری دەربارەی داواکاری پەنابەریت **[Information booklet about your asylum application - GOV.UK (www.gov.uk)]()**

# بەشی ٧ پەیوەندییە بەسوودەکان



**پەیوەندییە فریاگوزاریەکان:**
خزمەتگوزارییە فریاگوزاریەکان (ئاگرکوژێنەوە/پۆلیس/ئەمبولانس): **999**
پۆلیسی غەیرە فریاگوزاری: **101**
NHS خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی غەیرە فریاگوزاری: **111**

**تۆڕی غازی نیشتمانی:**
ئینگلتەرا، سکۆتلەندا، و وێڵز: **٠٨٠٠١١١٩٩٩**
ئێرلەندای باکوور: **٠٨٠٠٠٠٢٠٠١**

**یارمەتی کۆچبەران:**
وێبچات https://ellis.custhelp.com/app/chat/chat_launch
وروژاندنی بابەتێك- پرسیک**(https://ellis.custhelp.com/app/ask/session)**
هێڵی یارمەتی بە تەلەفۆنی بێبەرامبەر: **٠٨٠٨٨٠١٠٥٠٣**
ئەم خزمەتگوزاریانە ٢٤ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و ٧ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا بەردەستن و خزمەتگوزاری وەرگێرانی تەواو پێشکەش دەکەن.
www.migranthelpuk.org

**هۆم ئۆفیس- وەزارەتی ناوخۆ**
زانیاری لەسەر داوای مافی پەنابەری و پاڵپشتی پەنابەری:
www.gov.uk/browse/Mastercards-immigration/asylum

**(ئەپیەڵ) تانەکانی پشتگیری پەنابەری:**
www.gov.uk/courts-tribunals/first-tier-tribunal-asylum-support

**ڕاوێژکاری یاسایی بدۆزەرەوە:**
www.gov.uk/find-a-legal-adviser

**خزمەتگوزاری گەڕانەوەی خۆبەخشانە:**
ماڵپەڕ www.gov.uk/return-home-voluntarily
تەلەفۆن: **٠٣٠٠٠٠٤٠٢٠٢**

**ڕێکخراوە خێرخوازیەکان:**

کردەوەی پەنابەران www.refugee-action.org.uk

ئەنجومەنی پەنابەران www.refugeecouncil.org.uk

پرۆژەی تانەدان لە پشتگیری پەنابەریwww.asaproject.org

هێڵی منداڵان (ئامۆژگاری و پشتگیری بەخۆڕایی و نهێنی پێشکەش بە کەسانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ دەکات) تەلەفۆنی بێبەرامبەر:٠٨٠٠١١١١

https://www.childline.org.uk/


OGL


Crown copyright 2022 © مافی چاپ کردنی کراون ٢٠٢٢

ئەم بڵاوکراوە بەپێی مەرجەکانی مۆڵەتی حکومەتی کراوە v3.0 مۆڵەتی پێدراوە جگە لەو شوێنانەی کە بە پێچەوانەوە ئاماژەیان پێکراوە.
بۆ بینینی ئەم مۆڵەتە، سەردانیnationalarchives.gov.uk/doc/open-government-licence/version/3 بکەن

لەو شوێنانەی کە ئێمە هەر زانیارییەکی مافی کۆپیکردنی لایەنی سێیەممان دەستنیشان کردووە پێویستە مۆڵەت لە خاوەن مافی کۆپیکردنی پەیوەندیدار وەربگریت.


ئەم بڵاوکراوە لەم لینکەدا دەستدەکەوێتwww.gov.uk/government/publications

هەر پرسیارێکتان هەیە سەبارەت بەم بڵاوکراوە، پێویستە بۆمان بنێردرێت بۆ ئەم ئیمەیلە



وەشان ١